# میتۆدی بەراوردکاری مێژوونووس فوئاد سەزگین لە کتێبی (تاریخ التراث العربی)

**ID No. 345**

(PP 141 - 164)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.6.8

**مەبەست برهان قادر**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر
mabast.00613429@gmail.com

**طارق موحەممەد ئەورەحیم**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر
Tareq.awrahim@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2022/06/07**

**پەسندکردن : 2022/07/27**

**بڵاوکردنەوە : 2022/12/25**

**پوختە**

مێژوونووسی زانستی شارستانی ئیسلامی موحەممەد فوئاد سەزگین (١٩٢٤-٢٠١٨) خاوەنی چەندین شاکاری زانستیە لە بواری نوسینەوەی مێژووی ژیاروشارستانی ئیسلامی، خودان میتۆدێکی زانستی تایبەتە لە نوسینەوەی ( تاریخ التراث العربی) کە یەکێک بوە لە پرۆژە زانستیەکانی ژیانی . لەم پرۆژە هەژدە بەرگیەی سەزگین دا. لێکۆڵەری مێژوویی تێبینی دەکات کەوا نووسەرەکەی چەند میتۆدێکی بەکارهێناوە لەوانە میتۆدی وەسفی و میتۆدی شیکاری و میتۆدی بەراوردکاری بۆ دەرخستنی ڕاستیە مێژوویەکان ودەستنیشانکردنی سەرچاوە زانستیەکان ، بە بەکارهێنانی میتۆدی بەراوردکاری توانی شوێنی زانا موسڵمانەکان لەمێژووی زانستدا دەربخات، بەراوردیان بکات بە پلەی زانایانی شارستانیەکانی تر، هەروەها بەراوردکاری بکات لە نێوان بیرۆکەوداهێنان وزانستی زانایانی شارستانیەکان، بەو میتۆدە سەزگین زۆر ڕاستی مێژوویی شاراوەی لەمێژووی زانستدا بەدیارخست. کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنها بواری ئەوە دەبێت باس لە میتۆدی بەراوردکاری بکرێت و بەرهەم و ئەنجامی ئەم میتۆدە بخرێتە ڕوو. کە بریتی دەبێت لە بەراوردکردنی دەستنوسی زانا موسڵمانەکان لەگەڵ دەستنووسی زانایانی ڕۆژئاواوبەدیارخستنی ساختاکاری لە چالاکی وەرگێڕان، بەکارهێنانی میتۆدی بەراوردکاری بەمەبەستی بەراوردکردنی بیروداهێنانی زانایانی شارستانی یۆنانی وشارستانی ئیسلامی و شارستانی ڕۆژئاوا ، لەزۆربەی لقە زانستیەکان.

**دەستەواژە گرنگەکان:** سەزگین، میتۆدی بەراوردکاری، شارستانی، ڕێبازی نووسینەوەی مێژوویی،نەخشە.

## 1-پێشەکی

سەزگین لە پەرتوکی (تأریخ التراث العربی)[1] (میتۆدی بەراوردکاری) [2] بەکارهێناوە، بۆ دیاریکردنی شوێنی زانا موسڵمانەکان لەمێژووی زانستدا، بەهۆی ئەوەی لە دوو ژینگەی جیاواز ژیاوە، لە ئەڵمانیا ولە تورکیا، ئەم ژینگەیە کاریگەری هەبووە لەسەر سەزگین کە بەراوردی شارستانیەکان بکات، بەتایبەتی ئەو پێشکەوتنەی ڕۆژئاوای بینیووە، هەستی بەو جیاوازیە کردووە کەموسڵمانان لەوسەردەمە لەژێر کاریگەری ڕۆژئاوان، بۆیە سەزگین هەوڵدەدات ئەو ڕاستیە شاراوەیە لەڕێگای بەکارهێنانی ئەم ڕێبازە بۆ موسڵمانان وجیهان بخاتەڕوو، تاکو بزانن سەر بە ژیاروشارستانیەکی مەزنن.

سەزگین لەپەرتوکە هەژدە بەرگیەکەی، دەستنووسی زۆربەی زانا موسڵمانەکانی لەهەموو کتێبخانەکانی جیهان بەدیارخستووە، کاریگەری یەکە بەیەکە زانا موسڵمانەکانی لەسەر لایەنی زانستی شارستانی ڕۆژئاوا خستەڕوو، شوێنی زانا موسڵمانەکانی لەهەموو لقە زانستیەکان دیاریکردووە، چەندین لقی زانستی نوێیی لەمێژووی زاستدا نووسیووە، لەوانە: ((جوگرافیای بیرکاری-جوگرافیای مرۆیی-زانستی دەرمانسازی-جوگرافیای فیزیا-جیۆلۆجی-بایلۆجی-گەردوناسی، ئەستێرەناسی، زانستی ئاژەڵناسی، کیمیا، فیزیا))، کە لە لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتناسان وزانایانی ڕۆژئاوا ئەو لقە زانستیانە موڵکی زانایانی ڕۆژئاوا بووە. هەروەها سەزگین بەبەکارهێنانی میتۆدی بەراوردکاری خاوەنی چەندین دۆزینەوەی نوێیە لە مێژووی زانستدا، بەتایبەتی دۆزینەوەی ئەمەریکا لەلایەن موسڵمانەکان، دۆزینەوەی داهێنانی زانا موسڵمانەکان لە دەستنووسی زانا موسڵمانەکاندا.

### 1-1 چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە پێشەکیەك وهەشت تەوەرە لەگەڵ ئەنجام. کە لێکۆڵینەوە کراوە لە میتۆدی بەراوردکاری مێژوونووس سەزگین لە پەرتوکی(تأریخ التراث العربی)، واتا بەراوردی لایەنی زانستی شارستانیەتی (یۆنانی-ئیسلام-ڕۆژئاوا-شارستانیەکانی تر) لە لقە زانستیەکان و لەداهێنانی زانایان و جولانەوەی وەرگێڕان وبۆچوون ولێکۆڵینەوەی مێژوونووسان

وڕۆژهەڵاتناسان وهەروەها بیروزانستی زانایان ودەستنوسی هەر سێ شارستانی کراوە، لەگەڵ ئەوەرەی هەشتەم تایبەتکراوە بە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەی لەمیتۆدی بەراوردکاری سەزگین.

**2-1 میتۆدەکانی توێژینەوە:**

سێ میتۆدی جیاوازی بەکارهاتووە بۆئەم توێژینەوەیە، کە بریتین لە میتۆدی مێژووی ومیتۆدی بەراوردکاری ومیتۆدی شیکاری، بەبەکارهێنانی بەشێك لە سەرچاوەودەستنوسە ڕەسەنەکان وزۆربەی پەرتوکەکانی سەزگین.

**3-1 کێشەو گرفتی توێژینەوە:**

یەکێك لەو کێشانەی ڕووبەڕووم بووە لەو توێژینەوەیە، نەبوونی پەرتوك بوو لەسەر مێژووی زانستەکان لە هەرێمی کوردستان، هەروەها سەزگین هەژدە بەرگی پەرتوکی(تأریخ التراث العربی) بە زمانی ئەڵمانی نووسیووە، تەنها نۆ بەرگی وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبی، ئەمەش وای لە توێژەرکرد ئەرکێکی زۆر بکێشێت بۆ فێربوونی ئەو وشانەی پێویستن بۆ تێگەیشتن لە نۆبەرگەکەی تری پەرتوکی (تأریخ التراث العربی)، ئەمە سەرباری ئەوەی زۆربەی ئەو پەرتوك وتوێژینەوانەی لەسەر لێکۆڵینەوەکانی سەزگین نووسراون بەزمانی تورکیە.

**4-1 گرنگی ئەم توێژینەوەیە:**

ئەم توێژینەوە بە بەکارهێنانی میتۆدی بەراوردکاری سەزگین لەپەرتوکی (تأریخ التراث العربی)، بریتیە لەدەرخستنی مێژووی زانستی ئیسلامی شارستانی ئیسلامی و شارستانیەتی ڕۆژئاوا وشارستانی تر ، تاکو خوێنەر ئاشنابکات بۆ شارەزابوون لەمێژووی زانست ودەرخستنی هەموو ئەو ڕاستیە مێژوویە شاراوانە بۆیەکەم جار بە زمانی شیرینی کوردی.

**5-1-شیکردنەوەی سەرچاوەکان**

بۆئەم توێژینەوەیە زیاتر پشت بەسەرچاوە ئیسلامیەکان بەستراوە، بەتایبەتی ئەو پەرتوکانەی لەسەر مێژووی زانست نووسراون، لەپێش هەموویان پەرتوکی(الفهرست) ی ئیبن نەدیم(م:384ك/994ز) ، کەگرنگی دراوە بە کاروبەرهەمی زانا یۆنانی وهیندی وچینی وسریانی، زانیاری زۆر گرنگی تێدایە سەبارەت بەگواستنەوەی کەلتور وزانستی شارستانیەکانی تر بۆناو ئیسلام. بەمەبەستی بەراوردکردنی داهێنان وبیری زانستی زانا موسڵمانەکان بەزانایانی ڕۆژئاوا سوود وەرگیراوە لەدەستنووسی لەبەرگیراوەی زانا موسڵمانەکان، لەپێش هەمویان دەستنووسی (الجامع بین العلم والعمل النافع فی الصناعة الحیل) جەزەری ودەستنوسی( التعریف لمن عجز التألیف) ی ئەبوقاسم زەهڕاوی(م:400ك/1013ز)، هەروەها زۆربەی زانیاریەکانی ئەم توێژینەوەیە پشتی بەستووە بە لێکۆڵینەوەکانی سەزگین، لەپێش هەموویان پەرتوکە هەژدە بەرگیەکەی(تأریخ التراث العربی)، هەموو میتۆدەکانی سەزگین لەو پەرتوکە وەرگیراوە، توێژەر بۆئەم لێکۆڵینەوەیە زۆر سوودی بینیووە لە پەرتوکەکانی سەزگین کە بەزمانی تورکی نووسراون، بەتایبەتی پەرتوکی پێنج بەرگیەکەی سەزگین بە ناونیشانی (İSLAM'DA BİLİM VE TEKNİK) کە یەکێکە لەپەرتوکە بەنرخەکانی سەزگین بۆ چوار زمانی ڕۆژئاوا وەرگێڕدراوە، سەزگین سەدا حەفتای زانیاریەکانی لەپەرتوکی (تأریخ التراث العربی) وەرگرتووە، هەروەها سوود لەپەرتوکی(TANINMAYAN BüYüK ÇAG) و پەرتوکی( Islam Uygarliginda Astronomi Cografya ve denizlik) سەزگین وەرگیراوە. بەشێك لە قوتابیەکانی سەزگینیش، لەدوای ساڵی (2009ز) چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سەزگین ئەنجام داوە، بۆئەم توێژینەوە زۆر سوود لەو پەرتوکانە وەرگیراوە، کەوەکو یاداشتنامەیەك وایە، لەپێش هەموویانەوە هەر سێ پەرتوکەکەی سەفەر توران، بەناونیشانی (گفتوگۆی زانستی)(BilimSohbatleri)، هەروەها پەرتوکی خاوەنی خەزێنەی ونبوو سەزگین(YITIKHAZINENI'NKAŞfıIFuatSEZGIN) یڵماز عیرفان.هەروەها سەزگین هەموو بەرگەکانی پەرتوکی(تأریخ التراث العربی) بە زمانی ئەڵمانی نووسیووە، بە ناونیشانی(GESCHICHITE DER ARABISCHEN LITTERATUR) بۆئەم توێژینەوەیە سوود لە شازدە بەرگی ئەم پەرتوکە وەرگیراوە. سەزگین لەسەر چەند بابەتێك بەراوردکاریی کردووە، لەوانە:

**2- بەراوردی لایەنی زانستی نێوان شارستانی (ئیسلامی وهیندیی و یۆنانی وڕۆژئاوایی)**

سەزگین، لەبەراوردکردنی لایەنی زانستی نێوان شارستانیەکان ، ئەنجامی سەرسوڕهێنەری بەدەستهێناوە، بەتایبەتی لە نێوان شارستانی یۆنانی وشارستانی ئیسلامی وشارستانی ڕۆژئاوا، لەم بارەیەوە دەڵێ: " لە تەواوی پەرتوکی (تأریخ التراث العربی) بەراوردی نێوان زانستی موسڵمانان ویۆنانیەکان وڕۆژئاوام کردووە، ئەم جیاوازییە دەمێکە لە هزرم چەکەرەی کردووە، لەدیدی من زانست وەکو ڕووبارێکە، لە سەرچاوە بچوکەکان دێتە دەرەوە، لە لێژاییەکەوە بەخێرایی دەڕوات بۆ ئەو ڕووبارەی دەڕژێتە ناوی، دواتر بەردەوام دەبێت ، هەموو نەتەوەیەك پشکی خۆی هەیە لە زانستدا" (Turan,2015,p:79) .

سەزگین , لەدوای جۆرج سارتۆن(1884-1956ز) دووەم مێژوونوسی زانستە لێکۆڵینەوەی لەلایەنی زانستی زۆربەی شارستانیەکان کردووە. لەزۆربەی بەرگەکانی پەرتوکی (تأريخ التراث العربي) شارستانی ئیسلامی بەراوردکردووە بە شارستانی یۆنانی، فارسی، سریانی، هیندی بۆ دەرخستنی سەرچاوەی زانستی زانا موسڵمانەکان، سەرنجی خستۆتە سەر شێوازەکانی گواستنەوەی کەلتوری نووسین ، وەرگێڕانی دەستنووسی زانایانی یۆنانی وهیندی بۆ زمانی عەرەبی ، ڕۆڵی زانا موسڵمانەکان دەخاتەڕوو لەڕووی وردبینی وگواستنەوە لە ئەمانەتی زانستی،وەك:بەراوردکردنی پەرتوکی(الفلاحة النبطية) کە پەرتوکێکی کشتوکاڵییە گوزارشت لە زانستی ڕووەکناسی لای یۆنانیەکان ، فارسەکان، دانیشتوانی میزۆپۆتامیا دەکات، سەزگین دوای بەراوردکردنی بە پەرتوکی(كتاب النبات) ی ئەبی حەنیفەی دەینەوەری(215-283ك/828-895ز)، دەریخست کە ئەبوحەنیفە دەینەوەری لە ژێر کاریگەریی ئەو پەرتوکەدابووە (سزكين،1986،مج4،ص460).

سەزگین دەستنوسەکان وەکو بەڵگە دەهێنێتەوە، کە زانا موسڵمانەکان ئاماژەیان بە سەرچاوە یۆنانی وفارسی وسریانیەکان کردووە، لەوانە: بەیرونی(362/442ك-973-1050ز)، جابری کوڕی حەییان(101/194ك-721-815ز)، زەرقەلی، تەنانەت بە وشەی (مامۆستا) ئاماژەیان بە زاناکانی پێش خۆیان کردووە (Turan,2015,p:96**)**.

سەزگین ، شارستانی یۆنانی بە ژیاروشارستانی ئیسلامی بەراوردکردووە، سەرنجی خستۆتە سەر شێوازەکانی وەرگێڕانی دەستنووسی زانا یۆنانیەکان بۆ زمانی عەرەبی، دەستنووسە وەرگێڕدراوەکانی بەراوردکردووە بەیەکتری بۆ دەرخستنی دەستنووسی ڕاستەقینەی زانا یۆنانیەکان، دواتریش بەراوردی کردووە بەوەرگێڕدراوە لاتینیەکان، وەك ئەو نمونەی لە پەرتوکی تاریخی یەعقوبی دەردەکەوێت، یەعقوبی(م:284ك/897ز) کە (872 )بابەتی لە پەرتوکەکانی زانای یۆنانی هیپۆکراتHippocratic (460-370پ.ز) وەرگرتووە، دوای بەراوردکردنی بە دەستنوسی وەرگێڕدراوی حەنینی کوڕی ئیسحاق(194-260ك/809-873ز) ، دەڵێ: " یەعقوبی باشتر وەرگێڕانی کردووە، بەڵام ئەوەی حەنینی کوڕی ئیسحاقیش جیاوازی زۆری نییە" (سزكين،2002،مج3،ص27)، دواتریش دەستنوسەی بەراوردکردووە بە پەرتوکی کلامۆرسklamorth(1860-1929ز)، دەڵێ: "بۆمان دەرکەوت یەعقوبی وتەکانی ڕاستترە لەگواستنەوەی زانیاریەکانی پەرتوکەکانی هیپۆکرات" (سزكين،2002،مج3،ص27)، سەزگین دەڵێ لە ڕاستیدا: کلامورس پەرتوکی (فهرێست) ی ئیبن نەدیمی نەخوێندۆتەوە ، چونکە وەرگێڕی ڕاستەقینەی پەرتوکەکانی هیبۆکرات موسای کوڕی خالیدە- لەسەدەی دووەمی کۆچی/هەشتەمی زاینی ژیاوە، دوای بەراوردکردنی بەدەستنووسی ڕاستەقینەی هیپۆکراتیش سەزگین وتی: "لەڕاستیدا باشترین وەرگێڕان وەرگێڕانی حەنینی کوڕی ئیسحاق بووە " (سزكين،2002،مج3،ص27).

هەربەوەش نەوەستا شێوازی گواستنەوەکەشی دیاریکردووە، یەعقوبی باسی گواستنەوەی پەرتوکی (نبض الكبير والصغير)ی جالینۆسی کردووە بۆ عەرەبی، جابری کوڕی حەییانیش ئاماژەی بەپەرتوکێك کردووە کە لە جالینۆسی وەرگرتووە بەناوی(الميامر) (سزكين،2002،مج3،ص108)، لەدوای بەراوردکرنی بەپەرتوکەکانی جابری کوڕی حەییان دەرکەوت پەرتوکی( في الاسطقسات على رأي أبقراط) دەستنووسی ڕاستەقینەی جالینۆسە، لەلایەن حەنینی کوڕی ئیسحاق وەرگێڕدراوە بۆ عەرەبی، یەعقوبی باسی ئەو پەرتوکەی کردووە، دواتر وتی ئەو دەستنوسەشمان بەدەست گەیشتووە(سزكين،2002،مج3،ص108).

سەزگین بەراوردی لەنێوان پەرتوکەکانی جالینۆس بە پەرتوکەکانی جابری کوڕی حەییان کردووە، یەکێکی ترە لەئەنجامە گرنگەکانی سەزگین لە پەرتوکی(تأريخ التراث العربي) لێکۆڵینەوەی کرد لەپەرتوکەکانی جالینۆس کەبەوتەی ڕۆژئاوایەکان زانا موسڵمانەکان پەرتوکەکانی جالینۆسیان بەکارنەهێناوە، بەڵام سەزگین وتی : "گەورەترین زانای یۆنانی کەزاناموسڵمانەکان ناسیبێتیان وسوودیان لێ وەرگرتووە جالینۆسە" (سزكين،2002،مج3،ص103).

سەزگین دەستنووسەکانی جالینۆس(129-216ز) و زانا موسڵمانەکانی بەدەست گەیشتبوو کە تەواو کاریگەری جالینۆس بەسەر زانا موسڵمانەکان بەدیاردەخات، زانیاریەکانی پەرتوکی (أبن أبي أصيبعة) [3]بەراوردکرد بە پەرتوکەکانی جالینۆس وتی: "أبن أبي أصيبعة زانیاریەکی زۆری کۆکردەوە لەسەر پەرتوکەکانی جالینۆس... لەوانە: (كتاب في نفي الغم) وتەفسیری پەرتوکەکانی جالینۆس ،بەڵام زانیاریەکی نوێی تێدانییە لەسەر چالاکیەکانی جالینۆس، زۆربەی سەرچاوەکانیش پێیان وایە کەلەسەدەی سێیەمی کۆچی وەرگێڕدراوە" (سزكين،2002،مج3،ص105)، بەڵام سەزگین دوای بەراوردکرنی بە کۆکراوەی پەرتوکەکانی جابری کوڕی حەییان سەزگین وتی: "جالینۆس کاریگەریەکی یەکجار بەهێزی هەبووە لەسەر زانا موسڵمانەکان " (سزكين،2002،مج3،ص107).

بەتایبەتی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتناسی چیکی جولەکە پاوڵ کراوس[4]paul kraus(1904-1944ز) لەسەر پەرتوکەکانی جابری کوڕی حەییان ئەو ڕاستیەی سەلماندووە، دواتر بەراوردی زانیاریەکانی پەرتوکی جابری کوڕی حەییان بەتایبەتی

پەرتوکی(منافع الاعضاء-الحاصل) ی بەزانیاریـەکانی دەستنوسی ڕەسـەنی جـالینۆس لـە پەرتوکخانـەی نیشـتمانی پـاریس دەکـات، سـەزگین دەڵێ"وەرگێڕانـی حبـیش بـۆ عـەرەبی کەپـەرتوکی جالینۆسـی وەرگێـڕاوە چەسـپاوە لـەمێژووی زانسـتدا" (سزکین،2002،مج3،ص107). دواتر دەڵێت کراوسی سەرکردە ئەو ڕاستیەی باسکردووە لەپەرتوکەکەی بەتایبـەتی پـەرتوکی (نـبض الصـغیر، نـبض الکبیـر) کاریگەریـەکی زۆری هـەبووە لەسـەر پەرتوکی(الحاصـل) (الادویـة المفـردة) ی جـابری کـوڕی حـەییان (سزکین،2002،مج3،ص107). لەئەنجامدا وتی " شوێنی جالینۆس چەسپاوە لە کاریگەریەکی گەورەی هەبووە لەسەر جابری کوڕی حەییان وزۆربەی زانا موسڵمانەکان" (سزکین،2002،مج3،ص108).

پەرتوکی (القوی الطبیعة) دانەری جالینۆس بەچەندین ناونیشـانی جیـاواز وەرگێردراوە،لەوانـە پـەرتوکی (المحـرك الاول) جالینۆس، کە جابری کوڕی حەییان باسی کردووە، ناونیشانی تری هەبووە،وەك: (المحرك الذي لايتحرك) وەرگێڕانی حەنینی کـوڕی ئیسحاقە. هەروەها جیاوازی لە ڕاستی ودروستی دەستنوسە وەرگێڕدراوەکان کردووە، جـابری کـوڕی حـەییان هەنـدێك زانیـاری لـە پەرتوکی (برهان) باسکردووە هەمان زانیاریەکانی پەرتوکی(الطبیعة الخمسة) جالینۆسە ، کە ناونیشانێکی تری هەبوو بـۆ وەرگێڕانـی عەرەبی(فی أن النفس تابعة لمزاج البدن) ، بەڵام وەرگێڕانی حبیشیش دروستە(سزکین،2002،مج3،ص110).

هەربەوەش نەوەستاوە، پەرتوکی (البرهان) جابر کوڕی حیـان بـەراوردکردووە بـە پـەرتوکی لاتینـی جـالینۆس، دەرکـەوت هەمان پەرتوکی وەرگێڕدراوی حەنینی کوڕی ئیسحاق بووە (سزکین،2002،مج3،ص109)، هەروەها یەعقوبیش چل وشەش پەرتوکی جالینۆسی وەرگێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی، موسی کوڕی خالدیش بەشێك لەپەرتوکـەکانی جالینۆسـی بـەزمانی سریـانی وەرگێـڕاوە بـۆ زمانی عەرەبی، یەحیا کوڕی بەتریقیش یەك پەرتوکی جالینۆس وەرگێڕاوە بـۆ زمـانی عـەرەبی، سـەزگین دەگاتـە ئـەنجامێك لـەبارەی دەستنوسـەکانی جـالینۆس، دەڵـێ: "ئـەو پەرتوکانـەی بەدەسـتمان گەیشـتووە، وەرگێڕانـی حـەنینی کـوڕی ئیسـحاق دروسـتترە " (سزکین،2002،مج3،ص112). لەدوای هەموو ئەمانەش، سەزگین کاریگەری (166) پـەرتوکی جـالینۆس، بەسـەر زانـا موسـڵمانەکان بەدیاردەخات (سزکین،2002،مج3،ص ص 122-133).

سەزگین لەدوای گواستنەوەی کەلتوری یۆنانی لەلایەن وەرگێڕە عەرەبی وفارسی وسریانەکانەوە، کاریگەری ئـەو پەرتوکـە یۆنانیانـە بەسـەر زانـا موسـڵمانەکان بـەدیاردەخات، لـەدوای بـەراوردکردنی دەستنووسـی زانـا یۆنانیـەکان بـە دەستنووسـی زانـا موسڵمانەکان. هەریەك لەڕازی وتەبەڕی سوودێکی زۆریان لەپەرتوکەکانی هیپۆکرات وەرگرتووە، لەدوایدا سەزگین کاریگـەری (28 ) پەرتوکی هیپۆکرات بەسەر زانا موسڵمانەکان دەخاتەڕوو، لەگەڵ ناوهێنانی ئەو زانایانـەی کـە سـوودیان لەپەرتوکـەکانی هیپـۆکرات وەرگرتووە(سزکین،2002،مج3،ص161-170).

لە لایەکی ترەوە ، پەرتوکی زانای یۆنانی میسناوس (لەسەدەی4پ-ز ژیاوە) بە پەرتوکی ئیبن نەدیم (ئیـبن ئـەبی أصـیبعة) بەراوردکردووە ، سەزگین وتی "پەرتوکەکانی میسناوس کاریگەریەکی گەورەیان هەبووە بەسەر پزیشکی عەرەبی، ئیبن نـەدیم وئیـبن ئەبی أصیبعة باسی ئەو پەرتوکەیان نەکردوە " (سزکین،2002،مج3،ص77 ؛أبن أبي أصيبعة,د.ت,ص ص45-133)، هەروەهابـەیرونی سوودی لەپەرتوکی(المثلثات) ی ئەرخەمیدس وەرگرتووە(سزکین،2002،مج5،ص164).

لەشوێنێکی تـری پـەرتوکی(تأريخ الـتراث العربـی) ، پەرتوکـەکانی بەتلیمۆسـی بـە دەستنووسـە عەرەبیـەکانی بـەتلیمۆس وسەرچاوە ئیسلامیە ڕەسەنەکان بەراوردکردووە، بەتایبەتی پەرتوکی (الاقتصاص –المنشورات) ، سەزگین، وتی پەرتوکی یەکەم چاپی ئەڵمانیە لە ساڵی 1907ز دەرچووە، بەڵام پەرتوکی دووەم یۆنانیە، پەرتوکی( الاقتصاص) ئیبن نەدیم ناوی هێناوە، بەڵام بـەیرونی ناونیشانێکی تری بەکارهێناوە کە خاوەنەکەی نادیارە، سەزگین لەدوایدا وتی: "بەپێی ئـەو دەستنوسـانەی دەسـتمان کـەوتووە، ئـەم پەرتوکـەی بـەتلیمۆس کـە وەرگێـڕدراون خاوەنەکـەی نادیـارە، لـە بنەڕەتـدا لـە سـابت کـوڕی قـرە وەریگێـڕاوە " (سزکین،2002،مج6،ص104)، پەرتوکی(كتاب في المدخل الى الصناعة الكرية) بەتلیمۆس، کـە هەریـەك لـە بـەیرونی ومەسـعودی بەکاریان هێناوە ساختەیە، لە دوای هـەموو ئەمانـەش سـەزگین کاریگـەری پەرتوکـەکانی بـەتلیمۆس بەسـەر بیسـت وشـەش زانـای ئیسلامی لەبواری جوگرافیاو فەلەك دەخاتەڕوو (سزکین،2002،مج6،ص 120).

هەروەها سەزگین لەئەنجامی ئەو بەراوردکاریە دەگاتە چەنـد ڕاسـتیەکی مێـژووی، لەوانـە: زانـا موسڵمانەکان تـەنها سوودیان لەسەرچاوە یۆنانیەکان وەرنەگرتووە، سوودیان لەسەرچاوەی هیندی وفارسی وسریانیش وەرگرتووە، هەروەها پۆلێنکردنی زانستەکان کەلەلایەن ئەرستۆ دەستی پێکردبوو، بووە نەریتێك لـەلای زانـا موسـڵمانەکان، چەنـدین بـواری نـوێی زانسـتیان بۆئـەم

پۆڵێنكردنە زیادكردووە، بۆ نمونە بوارەكانی جوگرافیا،مێژوو، كۆمەڵناسی، فیزیا، كیمیا، دەروناسی لەپۆڵێنكردنی زانستەكانی ئەرستۆدانین**(Sezgin.2015,c:15,pp.22- 33;Sezgin,2004,pp:412-422)**.

سەزگین بۆ دەرخستنی كاریگەری شارستانی هیندی بەسەر شارستانی ئیسلامی، چەند پەرتوكێكی هیندی بەراوردكردووە بە دەستنووسی زانا موسڵمانەكان، لەپێش هەموویان پەرتوكی پەرتوكی هیندی براهما گوپتا Brahma guptal (598- 668پ-ز) بەناونیشانی( السندهند Brahmasphu tasiddhanta) كاریگەریەكی گەورەی هەبوو لەسەر زانستی فەلەك، بە فەرمانی خەلیفە ئەبو جەعفەر مەنسور(136/754ز-158ك/775ز) لە ساڵی(154ك) لەلایەن ئیبراهیم فرازی(م:777ز) وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبی، سەزگین دوای بەراوردكردنی بە پەرتوكی (المجسطى) بەتلیمۆس وتی: "لەژێر كاریگەری پەرتوكی (السندهند) ئەم پەرتوكە نووسراوە " (سزكين،2002،مج6، ص 103؛Sezgin,2008,c:1,p:15).

یەكێكی تر لەو ڕەخنانەی بەشێك لەڕۆژهەڵاتناسان لە شارستانی ئیسلامیان گرتووە، بەمەبەستی شاردنەوەی ڕاستیە مێژوویەكان ئەوەیە، كە سەرچاوەی زانیاری زانا موسڵمانەكان تەنها شارستانی یۆنانی بووە، لەوانە: كارڵ بڕۆكلمان دەڵێ: "زانا موسڵمانەكان لەزانستی بیركاری سوودیان لە زانا یۆنانیەكان وەرگرتووە، ژمارە سفر داهێنانی زانا موسڵمانەكان نییە، بەڵكو داهێنانی زانا هیندیەكانە" (بروكلمان،د.ت،مج4،ص201)، بەڵام سەزگین ئەو بۆچونەی ڕەتكردەوەو پێ وایە زانا موسڵمانەكان سوودیان لە سەرچاوەی نووسراوی زانا هیندیەكان وسریانیەكان وفارسەكانیش وەرگرتووە، دواتر سەزگین كاریگەری پەرتوكی (السند هند) بەسەر زانایانی ئیسلام بەدیاردەخات، لەدوای بەراوردكردنی بە پەرتوكەكانی زاناموسڵمانەكان لە زانستی فەلەك وبیركاری، بەتایبەتی لەگەڵ پەرتوكەكانی بەیرونی، بەتایبەتی ئەو پەرتوكە لەكاتی وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی ناونیشانەكەی گۆڕابوو- (Sezgin,1973,pp.22-33) ، بۆئەم مەبەستەش پەرتوكی (السند هند) ی براهما گۆپتای بە پەرتوكی (السند هند ) بەراوردكردووە، سوودی لە لێكۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناس پینگری*Pengre* وەرگرتبوو، كە لێكۆڵینەوەی لە پەرتوكەكانی بەیرونی كردووە، كە بەبۆچونی ئەو پەرتوكی (براهم سداهانده) هەمان پەرتوكی(السند هند) بووە كە لە ساڵی(154ك/773ز) وەرگێڕدراوە، سەرچاوە ئیسلامیەكانیش ڕوون نین لەم بارەیەوە (أبن النديم,1997,ص ص290-358)، بەڵام سەزگین ڕاستەوخۆ لێكۆڵینەوەی لە پەرتوكی(أفراد المقال) بەیرونی كردووە، وتی پەرتوكی (براهمر سدهانده) نووسەرەكەی براهما گۆپتایە**(Sezgin,1973,pp.35)**.

سەزگین لە ئەنجامی بەراوردكردنی دەستنوسەكانی دە زانای هیندی بە دەستنوسی زانا موسڵمانەكان ، بەتایبەتی محەمەد موساخواریزمی وبەیرونی ، ئەم هەڵە مێژوویەی ڕاستكردەوە، كە بڕۆكلمان بۆ شێواندنی مێژووی زانستی بیركاری خستبویە ڕوو، لەم بارەیەوە دەڵێ: " ئەم پەرتوكە هۆكارێك بوو بۆ گەشەسەندنی زانستی بیركاری وفەلەك لە لای زانا موسڵمانەكان, ژمارە یەك تاكو نۆ داهێنانی زانا هیندیەكانە، ژمارە سفرپیش داهێنانی زانا موسڵمانەكانە" (سزكين،2002،مج5، ص ص 33-44).

سەزگین بۆ دەرخستنی كاریگەری شارستانیەتی هیندی سەرچاوە ئیسلامیەكانی بەراوردكردووە بە لێكۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسان، لەوانە لێكۆڵینەوەی سێلیگمانF.R.Seligmanو پەرتوكی ئیبن نەدیم وبەشی دووەمی پەرتوكی (عيون الانباء) ئیبن ئەبی أصيبعةبەراوردكردووە (ئيبن أبي أصيبعة,د.ت,ص ص 66-88)، بەبۆچونی ڕۆژهەڵاتناس هاس E.Hass لەوتارێكدا پێ وایە كە زانا موسڵمانەكان سوودیان لەسەرچاوە هیندیەكان وەرنەگرتووە، كاریگەری لەسەریان نەبووە، پاشان لەوتارێكیدا پێ وایە كە زانا موسڵمانەكان هەندێك سەرچاوەی هیندیان بەكارهێناوە(سزكين،2002،مج5، ص291)، ڕۆژهەڵاتناس ڕ.وێبیR.webwe بۆچونێكی تری هەبوو كەبەپێی ئەو زانیاریانەی باسكراون لەسەرچاوە ئیسلامیەكان، زانا موسڵمانەكان سوودیان لە زانیاری هیندی وەرگرتووە، سەزگین بۆچونی دووەمی پێ تەواوبوو،وتی "زانیاریەكی ڕوون وتەواوە " (سزكين،2002،مج3، ص 292)، ڕ.مۆلەریشR.MULLER بۆچونی وابوو سەرچاوە ئیسلامیەكان لێكۆڵینەوەیەكی تەواویان نەكردووە لەسەر ئەو بابەتە، ئیبن نەدیمیش لە پەرتوكەكەی ناوی زانایانی هیندی سوسروتاSusruta(م:450ز) وسیركCaraca(لەسەدەی سێیەمی زاینی ژیاوە) وشاناقی هیندی هێناوە، سەزگین دەڵێ ئەو پەرتوكەی شاناقمان بەدەست گەیشتووە ساختەیە، دواتر سكروتەSucruta لێكۆڵینەوەی كردووە لەپەرتوكی (فردوس الحكمة) پزیشك تەبەری، لەئەنجامدا وتی" سوودیان لەسەرچاوە هیندیەكان وەرگرتووە" (سزكين،2002،مج3، ص ص304-309).

لەدوای هەموو ئەمانەش سەزگین ڕاستیەكی شارەوەی خستەڕوو ، كەئەویش ئەوەیە زانا موسڵمانەكان زانستیانە كەلتوری وزانستی شارستانیەكانی پێش خۆیان گواستۆتەوە، بەڵام زانا یۆنانیەكان جگە لە ئەرستۆ، كە تەنها ناوی یەك زانای بابلی هێناوە، زانا یۆنانیەكانی تر دەستنوسەكانیان ساختەبوو، سەرچاوەی زانیاریان شاردۆتەوە وبەهیچ شێوەیەك ئاماژەیان بەزانایانی میسری كۆن وبابلی نەكردووە، كەسەرچاوەی زانیاری ئەوان بووە**(Sezgin,1971,c:4,pp.11-24)**.

سەزگین لەدوای بەدیارخستنی کاریگەری شارستانیەکان بە سەر شارستانی ئیسلامی، بەراوردی نێوان شارستانی ئیسلامی بە ڕۆژئاوا دەکات ، کە بەبۆچونی خۆی ڕۆژهەڵاتناسان سەرکەوتوو نەبوون لە بەدیارخستنی ئەو ڕاستیە، ئامانجیش لەمە بەدیارخستنی کاریگەریەکی شاراوە بوو لەنێوان سێ شارستانیەت، کە بەبۆچونی سەزگین مافی شارستانیەتی ئیسلامی نەدراوە، بۆچونەکەشی لە پەرتوکی (تأريخ التراث العربى) بەبەڵگە دەچەسپێنێت، کە زانا موسڵمانەکان سوود وکاریگەری سەرچاوە یۆنانیەکانیان لەسەربووە، بەهەمان شێوە زانایانی ڕۆژئاواش سوودیان لەسەرچاوە وبیرۆکەوتیۆری زانا موسڵمانەکان وەرگرتووە، بەڵام دەسپاك نەبوون لە گواستنەوەی کەلتوری ئیسلامی ، هەموو کاریگەریەکی زانایانی ڕۆژئاوایان بە شارستانیەتی یۆنانی بەخشی، ئەمەش پێچەوانەی تیۆرەکەی سەزگین بوو(سزكين،1984،ص16). سەزگین دەڵێ: "چەندین ساڵە لەقوتابخانە ئیسلامیەکان وتەنانەت قوتابخانەو زانکۆکانی ڕۆژئاواش وا نیشاندراوە کە زانست لەلایەن ئەوڕوپیەکانەوە دەست پێدەکات، فەلسەفەش لەلایەن یۆنانیەکانەوە، جیهانی ئیسلامیش دورە لە فەلسەفەو زانست"**(Sezgin,2018 ,p:102).**

سەزگین وەکو هەر توێژەرێکی تری مێژوویی بە پرسیاری مێژووی دەست پێدەکات، زانایانی ڕۆژئاوا وەکو کارل ڕیتەر *Carl Retter*(1779-1858ز) کە بەباوکی جوگرافیناسانی جیهان ناسراوە ئەو هەموو زانیاریەی لە کوێ هێناوە؟ زانایانی ڕۆژئاوا باسی جوگرافیان کردووە، بەڵام بۆچی باسی جوگرافیای مرۆیی و جوگرافیای بیرکاری و نەخشەکانیان بەوردی نەکردووە؟

سەزگین سەرەتا بەراوردی چەمکی (میزان ) لەگەڵ چەمکی (ڕێنسانس) دەکات، دەڵێ: "زانا موسڵمانەکان کاتێك زانستیان لە زانا یۆنانیەکان وەرگرتووە، بەڕێزەوە ناوی زانایانی پێش خۆیان هێناوە، بەئەرستۆیان دەوت "مامۆستای یەکەم- مامۆستای مەزن" ، لە لێکۆڵینەوەکانیان ڕەخنەیان لەئەرستۆ وجالینۆس گرتووە، بەڵام بە خراپی ناویان نەهێناون لەپێگەی زانایانی وەك (جالینۆس) و(هیپۆکرات)یان کەم نەکردۆتەوە، بە بۆچونی سەزگین بەشێك لە زانایانی ڕۆژئاوا وڕۆژهەڵاتناسان لە کۆنەوە هەتاوەکو ئەو سەردەمەش وئەو ڕاستیەیان پێ قبوڵ ناکرێت ئەگەر بڵێین زانا موسڵمانەکان شوێنیان هەیە لە مێژووی زانست)**(Sezgin,2004,c:1,pp:413-416)**، هەروەکو ئەو ڕوداوەی لەساڵی(2004ز) بەسەر سەزگین هاتووە، کاتێك ویستی نمونەی داهێنانی زانا موسڵمانەکان لەپاریس نمایش بکات، لەدوای دووساڵ نەیانهێشت ئەو کارەبکات، هۆکاری ئەمەش سەزگین دەیخاتەڕوو، دەڵێ: " پرۆفیسۆرێکی فەرەنسی لەوکاتە پێیگووتم: لەزۆربەی دەوڵەتان بانگەشەکەت جێگای خۆی گرتووە، خەڵك خەریکە باوەڕ بەوە دەکەن، کە زانا موسڵمانەکان شوێنێکی گرنگیان هەیە لە مێژووی زانستدا، بەڵام ئێمە فەرەنسین، ئێمە ڕازینین! " ( Adem özkan,2018,p.55).

بەبۆچونی مێژوونووسی زانست سەزگین دەستکەوت وبیر وزانستی زانا موسڵمانەکان بە ڕێگاو میتۆدێکی ڕێکخراو لەلایەن بەشێك لەپیاوانی ئاینی ڕۆژئاوا وبەشێك لە ڕۆژهەڵاتناسان لەسەدەکانی ناوەڕاست شاردراوەتەوە، لەکاتێکدا زانا موسڵمانەکان زانیاریان لەهەر زانایەك وەرگرتبێت ، ناوی زانا یۆنانیەکانیان هێناوە، بەڵام کاتێك پەرتوکەکانی ئیبن سینا وەرگێڕدراون بۆ زمانی لاتینی، نەك هەرناوی ئیبن سینا بەمامۆستا نەهاتووە، پەرتوکی (قانون)[5]ی ئیبن سینا بەناوی ئەرستۆ بڵاوکرایەوە، بۆ ونکردنی ناوی ئەو زانایە بە ئیبن سینایان دەوت ئاڤاسینا (Avasina) ناونیشانی (گاڤوور-کافر) یان بۆ هەڵبژاردووە، لە کاتێکدا پەرتوکەکانی لەزانکۆی پاریس لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە زۆرترین دەرمانی پزیشکی لێ بەرهەمهێنراوە. **(Sezgin,2004,pp:417-421)**. هەروەها سەرنجی خستۆتەسەر شێوازی وەرگێڕانی پەرتوکی زانا موسڵمانەکان بۆ زمانی لاتینی ، لەم بارەیەوە دەڵێ: "وەرگێڕانی دەستنوسی عەرەبی بۆ لاتینی لەسەدەی دەیەهەم، لە ئیسپانیا دەستی پێکردووە، بۆماوەی سەدساڵی تەواو لەدەست پیاوانی ئاینی کلێسا دابووە، لەو سەردەمەش خوێندەوار زۆر کەم بوون، سەرەتا قەشەکان خۆیان فێری زمانی عەرەبی کردووە. " (Sezgin,2008,c:1,pp.135-136).

سەزگین لەبارەی (چەمکی ڕێنسانس) دەڵێ وا پێناسەکراوە کە زانست وفەلسەفە لەلای یۆنانیەکان دەستپێکردووە لەسەدەی هەژدەیەهەم دەگاتەڕۆژئاوا، لێرەدا سەزگین پرسیارێك دەکات زانستی یۆنانی بە چ ڕێگایەك وبەچ جوگرافیەیەك تێپەڕیووە؟ چۆن ئەم زانستە گەیشتە ڕۆژئاوا؟(Yilmaz,2009,p:45:korkmaz,2009,p:178) لەچ سەردەمێکی مێژووی بووە؟ لەم بارەیەوە پەرتوکی (تأريخ التراث العربى) وەڵامی ئەو پرسیارانەی هەمووی دایەوە، کە توێژەریش بەشێکی زۆری خستەڕوو، لەکۆتایدا سەزگین دەڵێ: "هیوا دارین ئێستا جیهانی ڕۆژئاوا تێڕوانینی بەرامبەر شارستانیەتی ئیسلامی گۆڕابێت، ئێستا تێگەیشتم بۆچی بەشێك لە ڕۆژهەڵاتناسان بەهەموو شێوەیەك هەوڵی شێواندنی مێژووی هەشت سەد ساڵەی زانستی ئیسلامی دەدەن، بەڵام پەرتوکی (تأريخ

التراث العربی) ئەو ڕاستیەی سەلماندووە کە ڕێنسانس بەرهەمی زانا موسڵمانەکانە، تاکو سەدەی هەژدەیەم لە ڕۆژئاوا هیچ دەستکەوتێکی زانستی نەبووە، مەگەر لەزانا موسڵمانەکان بردرابێت"(Sezgin,2012,p:49) .

سەزگین لەگەڵ توێژەرانی دیکە دەست دەکەن بەلێکۆڵینەوە لە چل هەزار دەستنووسی زانایانی ڕۆژئاوا وزانا یۆنانیەکان بە وەرگێڕدراوی لاتینی، سەرەتاش بەراوردی نێوان دەستنوسی زانا یۆنانیەکان بە وەرگێڕدراوی عەرەبی ولاتینی دەکەن،ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کە دەستنووسی ڕەسەنی یۆنانیەکان ئەو دەستنوسانەن کەلەلایەن زانا موسڵمانەکان وەرگێڕدراون، دەستنووسەکانی تر ساختەن(سزکین،1984،ص15) ، بەتەنها لە زانستی کیمیا حەفتا دەستنووسی لەو جۆرەی ئاشکراکردووە (سزکین،2002،مج4، ص ص 85-135)، لە زانستی بیرکاری ڕێژەکەی بەرزتربووە بۆ پێنج سەد دەستنووس(سزکین،2002،مج5، ص91)، لە زانستی فەلەکناسی گەیشتە دووسەد دەستنووسی ساختە (سزکین،2002،مج6، ص ص71-98)، هەروەها دەستنووسە عەرەبیەکانی جالینۆسی بەراوردکردووە لەگەڵ پەرتوکە لاتینی ویۆنانیەکانی جالینۆس ، دەرکەوت دەستنووسە وەرگێڕدراوە عەرەبیەکەی جالینۆس کە وەرگێڕدراون بۆ زمانی لاتینی، دەستنوسە یۆنانیەکە ساختەیە، کەشەش پەرتوکی تایبەتە بەنەشتەرگەری، شەش پەرتوکی تایبەتە بەنەخۆشی گشتی.(سزکین،2002،مج3، ص236).

لە ئەنجامە گرنگەکانی سەزگین لەو لێکۆڵینەوەیە فراوانەی لەهەموو زانستەکان ئەنجامیداوە بە بەکارهێنانی میتۆدی بەراوردکاری ، ئەوەبوو کە زانایانی ڕۆژئاوا دەستنووسە وەرگێڕدراوەکانی زانا یۆنانیەکانیان بە زمانی عەرەبی وەرگێڕردراوە بۆ زمانی لاتینی، دەستنووسە یۆنانیەڕەسەنەکان بەشێکی زۆریان ساختەکراون، بەڵام ڕۆژئاوا ئەم ڕاستیەیان شاردۆتەوە، لەلایەکی ترەوە دەستنووسە ڕاستەقینەکانی زانا یۆنانیەکان ئەو دەستنوسانەن، کە وەرگێڕەکانی ئیسلامی وەك: (الفرازی) و(حەنینی کوڕی ئیسحاق) و(یەعقوبی) و(ثابت بن قرە) وەریانگێڕاوە بۆزمانی عەرەبی (سزکین،2002،مج6، ص ص 55-98).

لەدوای هەموو ئەمانەش سەزگین هەموو ئەو شوێنە جوگرافیانەی خستەڕوو، کە بەشێك لە ڕۆژهەڵاتناسان وزانایانی سەدەکانی ناوەڕاست کەلتور وزانستی زانا موسڵمانەکانیان گواستۆتەوە، کە بریتیە لە (53) شوێنی جوگرافی وبەسێ ڕێگای سەرەکی ، کە بریتین لە : باکوری ئیتاڵیا وئیسپانیا وڕێگای کۆنی بێزەنتیەکان، هەموو ئەو وێنە مێژوویەی لەپەرتوکی (تأریخ التراث العربی) لەهەموو لقە زانستیەکان بەجیاواز دەخاتەڕوو، بە بۆچونی سەزگین زۆر بێبەزیانە هەوڵی شاردنەوەی کەلتوری ئیسلامیان داوە، تەنانەت بەشێك لەزانا وڕۆژهەڵاتناسان بەهاندانی پیاوانی ئاینی کڵێسا کەوتبوونە پێشبڕکێ بۆ گواستنەوەی دەستنوسی زانا موسڵمانەکان ودواتر بڵاوکردنەوەی بەناوی خۆیان، زانایەکی وەکو گالین بۆماوەی دوو هەفتە گەشت دەکات بۆ ناوچەکانی تورکیای ئێستا، لەپاش ساڵێك دەبێتە زانایەکی بەناوبانگ لە هەموو ڕۆژئاوا دەنگ دەداتەوە(Sezgin,2014,p.66)، لەماوەی شەڕی خاچ پەرستەکان بۆماوەی دووسەد ساڵ کەلتوری ئیسلامیان گواستەوە، جگە لە چالاکی وەرگێڕان ئامێری داهێنانی زاناموسڵمانەکان وجۆری چەکەکانیشیان گواستەوە، لەوانە پەرتوکی (کشف الحقیقة) ی (ئەسیرەدین بەهری)(م:663ك/1265ز) لەشامەوە گوازرایەوە بۆ ئیتاڵیا کە پەرتوکێکی فەلسەفەیە، هەروەها پەرتوکی فەلسەفەی ئیبن ڕوشد وەرگێڕاوە بۆ لاتینی، ناو وناونیشانێکی تازەیان بۆدانا بەناوی ئاڤیرۆس(Averreos) بڵاوکرایەوە، فەلسەفەو ناوی ئیبن ڕوشد بوونی نەما(Sezgin,2008,c:1,p.4) .

چالاکی وەرگێڕان لەنێوان ساڵانی 1150 و 1200 ز خێراتربوو دۆمینیکۆس گوندیسۆلینوس ***Gundissalinus*** لەگەڵ جۆهانس هیسپالێنسیس Johannes Hispalensis (1110-1180ز) دەست دەکەن بە کۆکردنەوەی دەستنوسی زانا موسڵمانەکان وزۆری پێناچێت پەرتوکی حەنینی کوڕی ئیسحاق بەناونیشانی (De celoetmundo) بەناوی زانا (ManuelAlonso)( م:1120ز) بڵاوکرایەوە(Sezgin,2008,c:1,p.141)، گۆندیسیۆلینوس پەرتوکە فەلسەفیەکانی غەزالی وئیبن ڕوشدیش وەرگێڕاوە بۆ لاتینی، بەڵام پاش ماوەیەك ناوی ئیبن ڕوشد وغەزالی لە پەرتوکە لاتینیەکان بوونی نەما(Sezgin,2008,c:1,p.142) ،ڕۆڵی قەشە قۆنستانتینیۆسconstantinus وشپرینگر Sheperger***s***یش زۆر گرنگە لە گواستنەوەی کەلتوری ئیسلام وونکردنی شوێنی شارستانیەتی ئیسلامی لەمێژووی شارستانی دا بە هۆکاری ئاینی، لەسەدەی دوازدەهەم (Sezgin,2008,c:1,pp:95-96) ، ئەمەش دوای وەرگێڕانی پەرتوکە پزیشکیەکانی زانا موسڵمانەکان کە بە ڕێگای (تۆلدۆ) گواستراوەتەوە بۆ ئیتاڵیا, لەپاش سەدەیەك پەرتوکی (التعریف لمن عجز عن التألیف) زەهراوی لەسەدەی دوازدەی زاینی وەرگێڕاوە بۆ زمانی لاتینی(سزکین،2002،مج3،ص ص 516/431). بەناوی تێلۆدۆلۆ مارکۆسTelodoluMarcus**s** بڵاوکرایەوە(Sezgin,2008,c:1,p:97)**.** پەرتوکەکانی تری حەنینی کوڕی ئیسحاق لەبواری پزیشکی بەناوی گالین بڵاوکرایەوە(Turan,2015,p.95).

### 3- بەراوردی بۆچونی مێژوونووسانی ئیسلام ولێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسان

سەزگین ڕەخنەی لەو ڕۆژهەڵاتناسانە دەگرێت کە هەوڵی شێواندنی مێژووی کەلتوری ئیسلامیان داوە، بۆئەمەش میتۆدی بەراوردکاری بەکارهێناوە، بۆچوون وئەنجامی ڕۆژهەڵاتناسانی بەراوردکردووە بە دەستنووسی زانا موسڵمانەکان، زۆر ڕاستی مێژووی شاراوەی دەرخست، یەکێك لەو باباتانەی سەزگین لە پەرتوکی (تأريخ التراث العربي) سەرنجی خستەسەر، دامەزرێنەری ڕەسەنی زانستی کیمیابوو(سزكين،1984، ص ص 7-8)، هەریەك لە ڕۆژهەڵاتناسانی ئەڵمانی پاوڵ کراوس paul Kraus(1907-1946ز) و جۆلیۆس ڕۆسکاJulius Roska(1867-1949ز) ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لەدەرخستنی زۆر ڕاستی شاراوە لەسەر مێژووی زانستی کیمیای ئیسلامی، بەتایبەتی لەسەر زانای بەناوبانگ جابری کوڕی حەیان، کە پێیان وابوو دەستنووسی ساختەی بەکارهێناوە، سەربەقوتابخانەیەکی ڕۆژهەڵاتی بووە، لە وڵاتی میسر(سزكين،1983،مج4، ص ص 11-22).پاشان هەریەك لە شیدرShedr وبەشێکی تری ڕۆژهەڵاتناسان پێیان وابوو جابری کوڕی حەیان کەسایەتیەکی خەیاڵیە لەمێژوودا بوونی نییە، هۆڵمیاردیش بۆچونێکی جیاوازی هەبوو کە جابری کوڕی حەیان سەربەقوتابخانەی ئیسماعیلیە وقوتابی ئیمام جەعفەری سادق(بروكلمان،د.ت،ج4،ص347)، بەڵام سەزگین لەبەرگی چوارەمی پەرتوکی (تآريخ التراث العربي) وەڵامی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی دایەوە، سوودی لەئەنجامی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە وەرگرتووە وبەراوردی کردووە بەدەستنووسە ڕەسەنەکانی جابری کوڕی حەییان وتی: "جابری کوڕی حەییان زانایەکی بەناوبانگە وبەمیتۆدێکی زانستی داهێنانی نوێ هەبووە لەچەندین لقی زانستی، یەکەم کەس بووە تیۆر وپراکتیکی بەکارهێناوە لەتاقیکردنەوە، دامەزرێنەری ڕاستەقینەی زانستی کیمیایە، سوودی لەبەشێك دەستنووسە ساختەکانی زانا یۆنانیەکان وەرگرتووە، ڕۆژهەڵاتناسانیش هەوڵی شاردنەوەی ئەو ڕاستیە مێژوویەیان داوە، بەشێك لەدەستنووسەکانی جابری کوڕی حەییان تاکو ئێستاش دیارنەماون لەلایەن ڕۆژئاوا شارداراوەتەوە" **(Sezgin,1971,c:4,pp.7-20)**.

لەلایەکی ترەوە سەزگین بۆچونی ڕۆژهەڵاتناسان(مۆلەر وڕ.جۆلی R.Jole وبێتێنا سەتراوسSatraus)ی بەراوردکردووە، جۆلی وتی کتابی شاناق سوودی لێ وەرگیراوە لەلایەن زانا موسڵمانەکان بێتێنا ستەراوسیش وتی ئەو دەستنووسە ساختەیە،سەزگینیش وتی هیچ گومان نیە ئەم پەرتوکە وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبی، سەزگین دوای بەراوردکردنی بەپزیشکی یۆنانیەکان وتی زانا هیندیەکان لەژێر کاریگەری زانا یۆنانیەکان بوون، سەزگین لەئەنجامدا وتی پەرتوکی سوسروتا لەسەدەی یەکەم وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبی، پێ دەچێت لە سریانی وەرگێڕدرابێت بۆ زمانی عەرەبی، ئیبن سینا سوودی لەم پەرتوکە وەرگرتووە(سزكين،2002،مج3، ص ص 133-144).

هەروەها سەزگین پێ وایە زانا فارسەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە گواستنەوەی کەلتوری هیندی ویۆنانی بۆناوئیسلام، چەندین زانایانی فارس ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە شارستانیەتی ئیسلامی، سەزگین چەند هەڵەیەکی مێژووی ڕاستکردەوە بۆ دەرخستنی ڕۆڵی زانا فارسەکان، بەراوردی دەستنوسێکی نووسەرێکی نادیاری فارسی بە پەرتوکەکانی پزیشك ماسویە دەکات، کە دەڵێ زانیاری پزیشکی لەسەرنەشتەرگەری چاو لە جالینۆس وەرگرتووە، بەڵام سەزگین دەڵێ لەڕاستیدا ئەو زانیاریانەی لە پەرتوکی خاوەن نادیارەوە وەرگرتووە، کەزانایەکی فارسیە (سزكين،2002،مج3، ص 280).هەروەها سریانیەکانیش ڕۆڵیان هەبووە لە گواستنەوەی کەلتوری یۆنانی بۆناوئیسلام، زانای سریانی(ساویرا سابوخت) چەندین پەرتوکی وەرگێڕاوە لەوانە پەرتوکی(ئۆرگان) ی ئەرستۆ لە فارسی وەرگێڕاوە بۆ سریانی(سزگين،2002،مج5،ص260).

سەزگین لەدوای ناوهێنانی یەکە بەیەکەی زانایانی یۆنانی وفارسی وهیندی وسریانی، کاریگەری ئەو زانایانە هەریەکە بەجیا لەپەرتوکی (تأريخ التراث العربي) بەتەواوەتی ڕوونە، لەپێش ناوهێنانی زانایانی ئیسلام، ناوی زانایانی شارستانیەتەکانی تری هێناوە، شوێنی یەکە بەیەکەیان لەمێژووی زانست دەچەسپێنێت، هەڵە مێژوویەکانی ڕاستکردەوە، وەکو ئەوەی لە کاریگەری بەتڵیمۆس وئەرستۆ دەردەکەوێت(سزكين،2002ومج3،ص ص 123-155).، پاشان وتی: "دەستنووسەکانی بەتلیمۆس ساختەن لەزانایانی میسری کۆن –بابلیەکانی وەرگرتووە، بەرهەمی بیری خۆی نەبووە، زانا موسڵمانەکانیش سوودیان لەو دەستنووسانە وەرگرتووە، بەشێك لەڕۆژهەڵاتناسانیش وایان پیشانداوە، کە زانایانی فەلەك وجوگرافیناسانی ڕۆژئاوا لەسەدەکانی ناوەڕاست سوودیان لەپەرتوکەکانی بەتلیمۆس بەزمانی لاتینی وەرگرتووە، کە لەڕاستیدا ئەو دەستنوسانەی بەتلیمۆس بەزمانی عەرەبی وەرگێڕدراون بۆلاتینی" **(Sezgin,1978,c:6,pp.65-68;Sezgin,2000,c:10,pp.22-31)** .

یەکێك لەو هەڵە مێژوویانەی سەزگین ڕاستیەکەی خستەڕوو ئەوەبوو زۆربەی سەرچاوەکان پێیان وابووە ئەرستۆ کاریگەری بەسەر زانا موسڵمانەکان نەبووە لە زانستی فەلەك، بەڵام سەزگین بۆچونێکی تری هەیە ، کە ئەو نامانەی ئەرستۆ تایبەتن

بە بواری فەلەك، لەوانە پەرتوكی( الكتاب الكونی-جغرافی Peri Kosmu- فەلەكی-الجوی/ Meteorologisch) كاریگەری زۆریان هەیە لەسەر زانستی فەلەك، لەسەدەی دووەمی كۆچی، بەتایبەتی لە بابەتی لافاوو وەرزەكان، ئیبن نەدیمیش ئەو زانیاریانەی بەوردی تۆماركردووە (سزكين،2002،مج6، ص85) ، ئەرسترخس Aristarch (م:210ز) یەكێكی ترە لە زانا یۆنانیەكان، كە بەگوێرەی سەرچاوەی ڕۆژهەڵاتناسان كاریگەری نەبووە لەسەر فەلەكی عەرەبی، بەڵام سەزگین پێ وایە ئەرسترخس لە پەرتوكی (كتاب جرم الشمس والقمر) كاریگەری زۆربووە، بەتایبەتی عەرەبەكان خۆرگیران ومانگیرانی وجوڵەی زەویان نەدەزانی ، بەڵام لەم پەرتوكە باسكراوە كە خۆر چەقی گەردونە، زەوییش جوڵەی هەیە، ئەم زانیاریەش تەنها ئیبن نەدیم باسیكردوە(أبن النديم,1997,ص ص 311-315؛سزكين،2002،مج6،ص89).

سەزگین بەراوردی كردووە لە نێوان بۆچونی مێژوونووسانی ئیسلام، كیندی وئیبن قیفتی ومەسعودی لە باسی زانای یۆنانی ئەبرخس Abratarch، دەڵێ: زانایەكی بەناوبانگی یۆنانیەكانە لە زانستی فەلەك، ئیبن قفتی دەڵێ: "ئەبرخس چەندین ئامرازی فەلەكی دروستكردووە لەوانە ڕەسەد"، كیندیش پێ وایە سابت كوڕی قرە هەزاران نامەی ئەبرخس ی وەرگێڕاوە و سوودی لێوەرگرتووە، كە زانایەكی فەلەكی و داهێنەری ئەسترلابە، مەسعودیش بۆچونی نزیكە لە سابت كوڕی قرە سوودی لە نامەكانی ئەبرخس وەرگرتووە، بەتایبەتی پەرتوكی (حركة الفللك مقبلا ومدبرا- رسالة فی سنة الشمس بالارصاد) ، وە درێژی ساڵ بەپێ حیسابی ئەبرخس 365 ڕۆژە" (سزكين،2002،مج6، ص93) ، سەزگین بیرۆكەی داهێنەرانەی ئەبرخسی بەراوردكردووە بە بیرۆكەی زانا فەلەكیەكانی موسڵمانان، وتی: "نەسرەدین توسی وئیبن شاتڕ سوودیان لە بیرۆكەی دروستكردنی ئامرازی ڕەسەدی ئەبرەخس وەرگرتووە" (سزكين،2002،مج6، ص94).

سەزگین بەم بەراوردكاریە وەڵامی بەشێكی زۆری ڕۆژهەڵاتناسانی وەك: ((گۆلدتسیهروشپرینگروسۆفاجیەوئابوت ویوسف شاخت وچەندانی تر...)) دایەوە، كە هەوڵی ونكردن وشێواندنی سەرچاوەی زانیاری زانا موسڵمانەكانیان داوە، بەبەكارهێنانی میتۆدی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە وبەراوردكردنی بەدەستنووسە ڕەسەنەكانی زانا موسڵمانەكان ودەستنووسە ساختەكانی زانا یۆنانیەكان گەیشتە ئەنجامێكی زانستی، وتی: "زانا موسڵمانەكان سەرچاوەی زانیاری دەبەخشن ولەشارستانیەتی ئیسلامی میتۆدێكی زانستی هەیە بەناوی (تعمل العلم) كەبەواتای هەڵگرتنی زانست دێت بەشێوەیەكی زانستی، بەڵام ئەو تیۆرە نە لەشارستانیەتی یۆنانی ونەلەشارستانیەتی ڕۆژئاوا تاكو سەدەی نۆزدەهەم بوونی نییە " (سزگين،1983،مج1،ج1، ص ص 110-121،مج1،ج2،ص ص 25-33؛Sezgin, 1967,c:1,pp.101-110) .

**4- بەراورد لە نێوان زانایانی موسڵمان وزانایانی شارستانیەكانی تر**

سەزگین بەشێكی زۆری زانایانی موسڵمان بەزانایانی یۆنانی بەراوردكردووە، سابت كوڕی قرەی بەراوردكردووە بە جالینۆس، دەڵێ: "سابت بن قرە زانایەكی لێهاتووبوو لە تەفسیركردنی پەرتوكەكانی جالینۆس، سێ پەرتوكی تایبەتی نووسیووە لەم بارەوە، لەوانە پەرتوكی(جوامع-تفسير-ثمار) كە زانیاری پزیشكی نەخۆشیەكانی چاوی لەو وەرگرتووە" (سزكين،2002،مج3، ص113). پەرتوكەكانی ڕازی بەراوردكردووە بە پەرتوكەكانی ئەرستۆتالیس، كە زانیاری پزیشكی لە پەرتوكە پزیشكیەكانی ئەرستۆتالیس وەرگرتووە كەدژی تیۆری ئەقلیدس وجالینۆس بووە، جابڕی كوڕی حەییانیش كاریگەربووە بەپەرتوكەكانی جالینۆس، لەكۆتایشدا وەسفی جالینۆس دەكات، لەڕێگای پزیشكی موسڵمان عەلی كوڕی عەباس مەجوسی، كە پەرتوكەكانی كاریگەریەكی گەورەی هەبووە لەسەر زانستی پزیشكی موسڵمان(سزكين،2002،مج3، ص115).

پزیشك وزانا ڕازی بەراوردكردوە بەپەرتوكەكانی ئۆریباسیۆس دەڵێ: "كاریگەریەكی زۆری لەسەر ڕازی هەبووە، بەتایبەتی بەسەر پەرتوكی (الحاوی) و(الكناش) كە ڕازی زانیاری زۆری لەسەر دەرمان ونەخۆشیەكان لێوەرگرتووە" (سزكين،2002،مج3، ص243). عەلی كوڕی ڕەزوان(453ك-1061ز)ی پزیشكی مسری بەراوردكردوە بە زانای یۆنانی فۆسیدینۆس كەپزیشكی دەرونی بووە، لەژێر كاریگەری ئەودابووە، تەنانەت لە پەرتوكی(فەهرێست )ی ئیبن نەدیمیش پەرتوكی عەلی كوڕی ڕەزوان ناوی فۆسیدینۆس زۆرهاتووە(أبن النديم،1997،ص344).

ئیبن ئەبی أصیبعة وەسفی پزیشك سرجیس ڕەئس عەینی دەكات كە كاریگەری بەسەر زانا عەرەبەكان هەبووە(أبن أبی اصيبعة،د.ت، 242)، بەڵام سەزگین دەڵێ: " هیچ پەرتوكێكی نیە كاریگەری هەبێ بەسەر زانا موسڵمانەكان جگە لە كاری وەرگێڕانەكانی نەبێت، بەتایبەتی پەرتوكەكانی جالینۆس، مایرهۆفیش هەمان بۆچونی هەیە" (سزكين،2002،مج3، ص278).

سەرچاوەكانی ڕۆژهەڵات ڕۆڵی پزیشكی ئێرانی (خوز ) گرنگە لەمێژووی پزیشكی بەڵام سەزگین دوای بەراوردكردنی بەكارەكانی زانا موسڵمانان ڕازی دەڵێ: "دەورێكی گرنگی نیە لەسەر زانستی زانا موسڵمانەكان"، لەهەمان كاتدا پاشا خەسرۆی یەكەمی فارسی كەپەرتوكێكی زۆری هندی ویۆنانی وەرگێڕاوە، هەمووی ساختەن( سزكين،2002،مج3، ص290).

لەلایەكی ترەوە سەزگین شارستانی سریانی بەراوردكردووە بەشارستانی ئیسلامی، ئەشلیمۆن وشەمحون كەدوو پزیشكی سریانین لەسەرئاستی جیهان كاریگەریان هەبووە، سەزگین دوای بەراوردكردنی بە زاناوپزیشكانی موسڵمان ، وتی: "ئەشلیمۆن و شەمحون كاریگەریان هەبووە بەسەر عەلی كوڕی ڕێی كوڕی تەبەڕی ویوحەنا كوڕی ماسویە" (سزكين،2002،مج3، ص125).

سەزگین بەراوردی نێوان شارستانی هیندی بەشارستانی ئیسلامیش كردووە ، ئەسقف قنسرین یەكەم زانای فەلەكە كە جیهانی ئیسلامی ناسیبێتی، لە دوای بەراوردكرنی دەستنوسەكانی ئەو زانا هیندیە بە دەستنووسی زانا موسڵمانەكان، كاریگەریەكەی دەخاتەڕوو، یەكەم كەس بووە بەڕێگای وەرگێڕانی پەرتوكە هیندیەكان، ژمارەی هیندی بە زانا موسڵمانەكان ناساند، پەرتوكەكانی (الاسطرلاب، أوج فلك، اوج قمر، صور الكواكب) كاریگەریەكی زۆریان هەبووە لەسەر زانا موسڵمانەكان، لەدوای بەراوردكردنی بە پەرتوكی(المجسطی ) بەتلیمۆسی وتی: " لەژێر كاریگەری بەتلیمۆسیش دابووە" (سزكين،2002،مج5، ص140). بەڵام پەرتوكی (السند هند) لە نووسینی زانای هیندی (برهمگوبتا) لەسەر شێوازی بەتلیمۆس نووسراوە (سزكين،2002،مج5، ص145).

لە شوێنێكی تری پەرتوكی (تأريخ التراث العربی) بەراوردی لەنێوان زانای سریانی يعقوب ڕەهاوی (م:780ز) لە پەرتوكی (الهكسامرن) كە باسی شێوەی خڕی زەوی كردووە، لەگەڵ پەرتوكی(المجسطی) بەتلیمۆس ، سەزگین وتی: " هیچ تایبەتمەندیەكیان لەنێوان نیە" ( سزكين،2002،مج6، ص141).

سەزگین بەراوردی كردووە لە نێوان سەرچاوە ئیسلامیەكان ودەستنوسی زانایۆنانیەكان و سەرچاوە ڕۆژهەڵاتناسیەكان، هەروەها بەراوردی بەیرونی و زانای فەلەكی یۆنانی (ئەراتسAratesیان سۆلۆیSoloi)(لەنیوەی دووەمی سەدەی سێیەمی پێش زاین ژیاوە)ی كردووە، مێژوونووسی میسری عمر كندی دەڵێ: " ئەراتس باسی لە 1020 ئەستێرەی جێگیر كردووە"، مەسعودیش دەڵێ: "ئەراتس خاوەنی پەرتوكی (صورة الفلك والكواكب)، بەڵام سەزگین دوای بەراوردكردنی بەسەرچاوە ڕۆژئاوایەكان، وتی" نە ناوی ئەراتس دەبینین، نە ناوی پەرتوكەكەی" (سزكين،2002،مج6، ص91). ، لە دوایشدا بەراوردی كردووە لەنێوان بەیرونی وئەراتس، وتی " بەیرونی لە پەرتوكی(تحقيق ما للهند من مقولة مقبولة في العقل أو مرذولة) و( القانون المسعودي) باسی ئەراتسی كردووە و زانیاری لەو وەرگرتووە" (سزكين،2002،مج6، ص91).

هەروەها بەراوردی بەتلیمۆسی بە زانای بەناوبانگ ئەبوعەبدوللە بەتانی[6] (م: 317 ك/929ز)كردووە، لەبارەی گۆڕانی وەرزەكان ودیاریدەی خۆرگیران ومانگیران، كە بەتلیمۆس سەد ساڵ جارێكی داناوە، بەڵام ئەبوعەبدوللە بەتانی شەست وشەش ساڵ جارێكی داناوە، لەبارەی درێژی ساڵ ودرێژی ڕۆژوشەو، بەتلیمۆس سەرەتای بەهاری داناوە بۆ گۆڕانی جوڵەی خۆر، بەڵام ئەبوعەبدوللە بەتانی سەرەتای ئەیلولی داناوە، ڕۆژوكاتژمێروخولەك وچركەشی دیاریكردووە، دواتر لەگەڵ زانای فەلەكناسی ڕۆژئاوا R.Schram,Ginzel,Oppolzer بەراوردی ئەنجامی دوركەوتنەوەی خۆری لەسەنتەری خۆی كرد لە كاتی خۆرگیران ، جیاوازێكی كەمی هەبوو ، ئەنجامی زانایانی ڕۆژئاوا(017326)كەم و ئەنجامی زانا موسڵمانەكان لە ساڵی (880ك) (0106771) كەم بووە، بەڵام جیاوازیەكی زۆری هەبوو لەگەڵ ئەنجامی بەتلیمۆس(0175)كەم بووە ( سزكين،2002،مج6، ص239).

سەزگین دوای دەرخستنی ئەم ڕاستیە شاراوەیە لە مێژووی زانست، پرسیارێكی تر دەورژێنێت، زانا یۆنانیەكان ئەو هەموو زانیاری وداهێنانەیان نەبووە كە ڕۆژئاوا بەسەرچاوەی زانیاری زاناكانی دەزانێت، ئەی ڕۆژئاوا ئەو هەموو زانستەیان لە كوێ هێناوە؟ بۆئەم مەبەستەش ، هەموو بەشە زانستیەكانی ئیسلامی وەك: (پزیشكی، كیمیا، فیزیا، فەلەك، بیركاری، نەخشە، بیناسازی، فەرهەنگ وزمانەوانی، هۆنراوە، ڕێزمانی عەرەبی، كەشناسی، جوگرافیا بەهەموو لقەكانیەوە) بەراوردكردووە بە زانستی زانایانی ڕۆژئاوا، بۆ دەرخستنی سەرچاوەی زانیاری زانایانی ڕۆژئاوا، زۆربەی زانا موسڵمانەكانی بەراوردكرد بە زانایانی ڕۆژئاوا، لە پەرتوكی(تأريخ التراث العربی) كاریگەری زانایانی ئیسلام بەسەر شارستانی ڕۆژئاوا بە بەڵگەوە بەدیاردەخات، لەهەموو لقەكانی زانست، بەراوردی نێوان ئەو دووشارستانیەتە دەكات(سزكين،1984،ص11).

سەزگین دوای بەراوردكرنی بیرۆكەی زانا موسڵمانەكان لە گەڵ زانایانی ڕۆژئاوا، وتی: "لە كتێبەكانی دیكارت وگالیلۆ لە وەرگێڕانە لاتینیەكان زۆرێك لە پەرتوكی زانا موسڵمانەكان و ناوی نووسەرە ڕاستەقینەكان ون بوون، هیچ ئاماژەیەكیان بە سەرچاوەی زانیاریان نەكردووە" (Turan,2010,p:96)**.** بەمەش سەرەتایەكی تازەی دۆزیەوە لە مێژووی زانست كە دیاریدەیەكی

باوبووە لەوسەردەمە، لەژێر ئەو چەمکەی ڕۆژئاوا ناویان نابوو ( ڕێنسانس)، لە زانستی فەلەك لەوانە ئامێرە فەلەکیەکان کە لەداهێنانی زانا موسڵمانەکانە، بەراوردی کرد لە نێوان ئامێری فەلەکناس وبیرکاریزان جەعفەر خازنی لەگەڵ ئامێری فەلەکناسی ئیسپانی نۆڤاراك کامپانۆس سەزگین وتی: "ئەم ئامێرە لە ساڵی 1277ز لەدەرەوەی ئیسپانیا گەیشتووە بە ڕۆژئاوا، لەلایەن کامپانۆسەوە بەناوی خۆی ناسێنراوە" **(**Turan,2015,p:173) .

پەرتوکەکانی زانای ئیسلام ئەبو عەبدوللە بەتانی(م:317ك/917ز) بەراوردکردووە بەزانستی فەلەکی ڕۆژئاوا، وتی ڕۆژئاوایەکان لەژێر کاریگەری ئەبو عەبدوللە بەتانی دابوون بەتایبەتی کۆپەرنیکۆس، هەتاکوئێستاش کار بە زانستی سێگۆشەی فەلەکی دەکرێت، هەروەها دۆ تۆنیR.Dunttuneزانای فەلەکناسی ڕۆژئاوا وتی: "تیۆری دیاریدەی ڕۆژگیران وخۆرگیران لەناوەڕاستی مانگ تیۆری ئەبو عەبدوللە بەتانی بووە" ( سزکین،2002،مج6، ص240).

هەروەها سەزگین بەراوردی نێوان عەبدوڕەحمان سۆفی لەگەڵ زانایانی ڕۆژئاوا کردووە، کە زۆربەی پەرتوکەکانی بە ڕێگای شێوازی ئیسپانی وەرگێڕداون بۆ زمانی لاتینی، لەگەڵ هەریەك لەزانایانی فەلەکی ڕۆژئاوا A.Huarber ,Albercht Durer بەراوردکردووە, بەتایبەتی ئاراستەی فەلەکی باکور وباشور( ئاراستەکان) وتەنانەت عەبدوڕەحمان سۆفی سێ پەرتوکی هەیە بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامێری ئەسترولاب، هەروەها دەرخستنی میلی کاتژمێر، کە بە 23کاتژمێر و33 خولەك و45 چرکە پێوانەکردووە، سەزگین دەریخست کە جیاوازیەکی کەم هەیە لەگەڵ ئەو کاتژمێرەی ئێستا هەیە، ئەمە سەرەڕای دانانی بورجەکان کە ڕۆژئاوا تەواو لەژێر کاریگەری سۆفی دابووە، شایانی باسە سەزگین ئەو پەرتوکەی لە ئیسپانیا دۆزیەوە، کەوەرگێڕاوە بۆ زمانی لاتینی، وتی " ناوی عەبدوڕەحمان سۆفی گۆڕدراوە ناوێکی تر دانراوە" (سزکین،2002،مج6، ص279)، هەروەها پەرتوکی (المختصر فی حساب الجبر والمقابلة) ی دانەری محەممەد موسا خواریزمیە کە تایبەتە بە جەبر لە کاتی وەرگێڕانی بۆلاتینی، نەناوی نووسەرەکە دیارە، نەناونیشانەکەی (سزکین،2002،مج5،ص281).

سەزگین لەئەنجامی بەراوردکردنی دەستنوسی زانایانی موسڵمان بە دەستنوسی زانایانی ڕۆژئاوا، چەند ڕاستیەکی شاراوەی ئاشکراکرد، لەوانە: پەرتوکی عەمار موسڵی (م:411ك/1020ز) بەراوردکردووە لەگەڵ پەرتوکی پزیشك بلی-کۆلەر***(Blei-kollyr)*** هیچ گومانێکی نەهێشتەوە کە چارەسەرکردنی نەخۆشی ئاوی سپی چاوی لەعەمار موسڵی وەرگرتووە، تەنانەت پەرتوکەکەی عەمار موسڵی بەناونیشانی(( المنتخب فی علم العین وعللها ومدانها بالأدویة والحدیث)) پیت بە پیت وەرگێڕاوە بۆ زمانی لاتینی، بەناوی خۆیان بڵاویانکردەوە(سزکین،2002،مج3،ص ص 529-532).هەروەها کورەکانی موسای بەراوردکردووە بە زانستی زانای ئەندازیاری لیۆناردۆ ڤۆن پیساLeonardo von pisa(1170- 1240ز)کە لەسەدەی سێزدەهەیەم ژیاوە، بە بۆچونی سەزگین تەواوی بیرۆکەو زانستی کورەکانی موسای وەکو خۆی بەکارهێناوە لە بواری ئەندازیاری(سزکین،2002،مج5،ص300).

سەزکین کاریگەری میتۆدی پەرتوکی ئیبراهیم کوڕی یەحیا زەرقالی(420-480ك/1029-1087ز) یشی بەسەر ڕۆژئاوا دەرخست، کە کاریگەری هەبووە لەسەرنیکۆلاس کۆپەرنیکۆسNicolaus Copernicus(1473ز-1543ز) و جۆهانس کیپلر ( Johans Kepler *1571- 1630ز)* ، کە پەرتوکەکەی زەرقالی بۆ زمانی لاتینی وعیبری وەرگێرراوە، ئەم وەرگێڕانە کاریگەری هەبووە لەسەر پەرتوکی( Epitome) ریجیمونتانوس**Regemontanus**، کۆپەرنیکۆس، سوودیان لەو پەرتوکە وەرگرتووە، پێناسەی تیوری زەرقالی لەپەرتوکەکەی کۆپەرنیکۆس هەیە، بەمەش دەرئەکەوێ کە زەرقالی پێش ئەوان بە تیۆری جوڵانەوەی خۆری(أوج الشمسی) زانیووە، لەلای خۆشیەوە کۆپەرنیکۆس وەسفی ئەم تیورەی زەرقالی کردووە کە داهێنانێکی جێگیرە، خۆشی بەکاریهێناوە لە تیۆری خۆی، کە سەزگین لە ئەنجامی ئەم بەراوردکاریە وتی "زیج زەرقالی وزیجی کۆپەرنیکۆس تیوری تایبەتیان بەکارهێناوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو جیاوازیە کەمەی لەنێوانیان هەیە، بەڵام لە تێکڕای ئەنجامەکان وەکو یەکن " (سزکین،2002مج6، ص ص48-60 ).

سەزگین بەردەوام دەبێت لە دەرخستنی ڕاستیە زانستیەکان، کە پەرتوکەکەی ریجمونتانۆس، کەپێك هاتووە لە چەند بەشێك، هەندێك بەشی تێدایە دەگەڕێتەوە بۆ زەرقالی، هەروەها کیبلریش ناوی زەرقاڵی زانیووە، بەڵگەشمان لەبەردەست هەیە(سزکین،2002مج5، ص ص316-320 ). هەروەها زانای بیرکاری ئەبوعەبدوللە محەممەد کوڕی عیسا ماهانی(820-880ز) بەراورد کردووە ڵەگەڵ زانای بیرکاری ریجمۆنتانوسRigiomntanus(م:1475ز), سەزگین وتی: "ماهانی زۆرپێش ریجمۆنتانوس زانستی سێگۆشەی فەلەکی (علم المثلثات الكروية) زانیوە... بەڵکو ڕیجیمونتانوس سوودی لە زانیاریەکانی ماهانی وەرگرتووە بەتایبەتی لە دروستی هاوکێشەکان کە بۆ پیشاندانی نەخشە بەکاردێت" (سزکین،2002،مج5،ص318).

لەشوێنێکی ترەوە سەزگین بەراوردی داهێنانی زانا موسڵمانەکانی بە داهێنانی زانایانی ڕۆژئاوا کردووە، پێ وایە ریجیمونتانۆس پشتی بە زانستی زانا موسڵمانەکان بەستووە، زانستی سێگۆشە (المثلثات) زانستێکە لەلایەن زانایانی ڕۆژئاوا دانی پێدانرابوو، کە ئەو زانستە دەگەڕێتەوە بۆ زانا موسڵمانەکان ، ئەو پێشکەوتنەی لەبواری گەردوناسی هاتە کایەوە لەسەدەی هەژدە یەمر کەدانی بەڕاستیەکی زانا موسڵمانەکان دانا کە زەوی بەدەوری خۆی دەسورێتەوە، خۆر چەقی گەردونە، ئەو زانستەش لەلایەن کۆپەرنیکۆس بەکارهاتووە، پشتی بەسەرچاوەی عەرەبی بەستووە کە وەرگێردراون بۆ عەرەبی، بەبێ ئەوەی ئاماژەی بە زانا موسڵمانەکان کردبێت، ئەمەش دوای بەراوردکرنی بە پەرتوکی بەتلیمۆس، بۆچوونی زانایانی ڕۆژئاوای ڕەتکردەوە، کە گوایە زانایانی ڕۆژئاوا بناغەی دامەزراندنی بیرۆکەی جوڵانەوەی ئەستێرەکان بەشێوەیەکی ڕێکخراوەیی لە یۆنانیەکان وەرگرتبێت، هەروەها هەموو ئەو بیرۆکانەی دەربارەی کۆپەرنیکۆس هەبوون کە پێشتر دەوترا ئەو ڕاستیەی سەلماند کە خۆر سەنتەری گەردونە، سەزگین وتی: "هەمووی لە زانا موسڵمانەکان وەرگیراوە" (سزکین،2002مج6، ص ص49-55 )، هەروەها زانای میسری ئەبوکامل شجاعی(850-930ز) کەبەداهێنەری چەندین هاوکێشەی نوێی بیرکاری دادەنرێت وسەربەقوتابخانەی جەبرِیە، سەزگین ئەبوکاملی بەراوردکردووە لەگەڵ زانایانی بیرکاری ڕۆژئاوا (M.LEVEY-Juschkewitsch-weinberg-karpineski-suter) لە ئەنجامدا وتی هەموو ئەو زانایانە لەژێر کاریگەری ئەبوکامل شجاع کوڕی ئەسلیەمی میسری دابوون، تەنانەت تاکو سەدەی نۆزدە وسەرەتای سەدەی بیست هاوکێشەی پلەی چوار کە ئەبوکامل شجاعی داهێنەریتی کاری پێکراوە، پەرتوکی(الطرائف فی الحساب) لەلایەن سوترSuter وەرگێردراوە بۆ لاتینی لەسەدەی شازدەیەمر (سزکین،2002،مج5،ص ص 344-346).

سەزکین ئەنجامی ئەو بەراوردکاریە لە چەند خاڵێك ئەنجامەکان دەخاتەڕوو، یەکەمیان: قبوڵکراوەو هیچ گومانێکی تێدانیە، کۆپەرنیکۆس، نەسرەدین توسی وقوتبەدین شیرازی کەوا جولەی ئەستێرەکانیان زانیووە، کە جولەیەکی میکانیکیان هەیە، جوڵانەوەیەکە لەنێوان ئەستێرەو کەوکەب وزاویەکە هەیە، دووەمیان: کۆپەرنیکۆس و زانا موسڵمانەکان نمونەی ئەستێرەکانیان ڕێکخستووە، بەشێوەیەکی میکانیکی بەسوڕانەوەی دووجار بەدرێژی یان بەدرێژی نیوە لە دەرەوەی سەنتەری گەیشتن بە تێکڕای بەدەستهاتوو، سێیەمیان: ئەو ئەنجامەی کۆپەرنیکۆس بەدەستی هێناوە لە جولەی ئەستێرەکان هاوشێوەی ئەنجامەکەی ئیبن شاتر(704-777ك/1304-1375ز) بووە، جیاوازیەکی کەمر هەیە لە ئەنجامی دوری وجوڵانەوەی ئەستێرەکان لەکاتی بەجێهێشتنی شوێنی خۆیان، جیاوازیەکی زۆریش هەیە لە گەڵ ئەنجامی بەتلیمۆس، هەروەها کۆپەرنیکۆس باسی جوڵانەوەی عەتاردی کردووە، بە گۆڕانکاریەکی کەمر هاوشێوەی ئەو زانیارییە کە ئیبن شاتر باسیکردووە، دەربارەی سوڕانەوەی هەسارەی عەتارد (سزکین،2002مج5، ص ص64-65 ).

سەزکین بەردەوامر دەبێت لە بەراوردکاری نێوانیان دەڵێ: "کۆپەرنیکۆس ئامێری میکانیکی فەلەکی بەکارهێناوە، کە ئامێرێکە بۆ پێوانەکردنی جولەی هەسارەکان، ئەمر ئامێرە پێشتر لە لایەن زانا موسڵمانەکان دروستکراوە، لەمەشدا پەیوەندی نێوان کۆپەرنیکۆس ونەسرەدین توسی وئیبن شاتر دەردەکەوێت"، کە سەزگین بە پرسیارێك کۆتایی بەمر بەراوردکاریە دەهێنێت، کە لە ئەنجامدا کاریگەری زانا موسڵمانەکانی لە زانستی فەلەك بە شێوەیەکی زانستی بەتەواوی دەرخست، ڕاستیەکانی خستەڕوو، پرسیارێکی نادیار دەکات، دەڵێ: " ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە زانایانی ڕۆژئاوا بە چ ڕێگایەك کتێبە فەلەکیەکانی زانا موسڵمانەکانیان بەدەست گەیشتووە، لە کاتێکدا وەرنەگێردراون بۆ زمانی لاتینی؟ " (سزکین،2002مج6، ص ص55-57 ). هەر بەمەش نەوەستا ئامێری ڕەسەدی زانا موسڵمانەکانی بەراوردکردووە بە ئامێری ڕەسەدی تیخۆ براهە Tyco Braha(1546-1601ز)کەلەسەدەی شازدە بەداهێنەری ڕەسەدیان داناوە، سەزگین وتی" هەمان بیرۆکەی زانا موسڵمانەکانە"(Sezgin,2014,pp:435-437) ، نمونەی ڕەسەدخانەو ئامێرە فەلەکیەکانی لەمۆزەخانەی فرانکفۆرت وئیستەنبۆڵ نمایش کردووە، لەگەڵ چەسپاندنی ناوی (67) زانای فەلەکناسی موسڵمان لەمێژووی زانستدا(سزکین،2010،ص ص 45-55)، هەروەها ئەبو وەفا بوزجانی بەراوردکردووە بە تیغۆ براهە، سەزگین وتی: "دامەزرێنەری ڕاستەقینەی سێگۆشەی گۆیی(المثلث الکروي) بوزجانیە، تیغۆ براهە نیە " (سزکین،2002،مج5،ص401)، لە کۆتایشدا وتی : "ڕەسەدخانە لە شارستانیەتی یۆنان نەبووە، بەڵامر لە شارستانیەتی ئیسلامی چەندین ڕەسەدخانە لە شارەکانی ئیستەنبۆڵ وڕەی ومەراغە وبەغداد هەبوون، شارستانیەتی ڕۆژئاواش هەمان بیرۆکەی زانا موسڵمانەکانیان بەکارهێنایەوە لە دروستکردنی ڕەسەدخانە لە سەدەی شازدە"(Sezgin,2012,pp:45-48) .

لەدوای دەرخستنی سەرچاوە و کاریگەری زانا موسڵمانەکان بەسەر زانایانی ڕۆژئاوا، ڕاستیەکی مێژوویی تری بەدیارخست، کە زانایانی ڕۆژئاوا بەوە نەوستاون کەناوی زانا موسڵمانەکانیان نەهێناوە، بەڵکە بەرهەمر وبیرۆکەونووسراوی زانا

موسڵمانەکانیان بەناوی خۆیان بڵاوکردۆتەوە، کە مولّکی خۆیان نەبووە (Sezgin,2008,c:1,p:31)، بەراوردی لە نێوان پەرتوکی حەنینی کوڕی ئیسحاق وگالین[7] کردووە، دەرکەوت پەرتوك وبیرۆکەی حەنینی کوڕی ئیسحاق بەتەواوەتی بردراوە(Turan,2015,pp:121-123)، هەروەها بۆ ماویەکی درێژخایەن پەرتوکی(الحاوی) و(المنصوری) ئەبوقاسم زەهراوی بە وەرگێردراوی لاتینی بەناوی کتێبێکی هیندی بڵاوکرابووەوە(سزکین،2002،مج3،ص187)، تێبینی دەکرێ بیرۆکە وداهێنانی زاناموسڵمانەکانی بەراوردکردووە ، وەك ئەوەی لە بەراوردی نێوان کانت وگالیلۆی لەگەڵ بەیرونی دەرئەکەوێت، وتی: "گالیلۆ دوای شەش سەد ساڵ هەمان تیۆری بەیرونی بەکارهێناوە، لەدیارکردنی وەرزەکانی ساڵ وزانستی فەلەکی))، دواتریش وتی بەیرونی کاریگەریەکی بەهێزی هەبووە لەسەر زانایانی ڕۆژئاوا بەگشتی هەبووە لە زانستی بیرکاری"، دواتر بەراوردی زانستی کیپلەر وئیبن هەیسەمی کرد، وتی: "ئیبن هەیسەم کەسێکە سەرنجی قوڵی هەیە ، زۆربەی کات هەوڵیداوە تیۆری نوێ بهێنێت بۆ زانست" (Turan,2018,pp:105-108).

بەڵام کلیبەر بیرۆکەکانی تەماوین، پاشان بەراوردی نێوان بیرونی وئیبن هەیسەمی کرد لە زانستی بیرکاری، وتی: "ئیبن سینا زانایەکی زۆر زیرەکە ، زۆر خێراتر بڕیار دەدات، بەڵام بەیرونی بە قوڵی سەرنج دەدات، هەردوکیان بلیمەتن، بەڵام جۆری بیرکردنەوەیان جیاوازە " (Turan,2015,pp:100-103 ؛سزکین،1986،مج5، ص ص 176/145 ).

لە زانستی کەشناسی[8] بەراوردی لەنێوان کندی وئیمانوێل کانت کردووە، وەکو باچۆن هەڵدەکات؟، با بەرەو چ ئاراستەیەك دەڕوات؟، تەزرە وباران وبەفر چۆن دروست دەبن؟(Turan,2015,p:74) سەزگین لەوەڵامدا وتی: "ئەو زانیاریانەی ڕۆژئاوا لە بارەی کەشناسی لەسەدەکانی هەژدەو نۆزدە دەیانزانی، زانایانی موسڵمان لەسەدەی نۆیەمی زاینی باسیان کردووە" (Sezgin,1981,c:7,p:122,sezgin,2008,c:1,p:33)، دواتر هەریەك لە عەبدوڕەحمان خازنی بەراوردکردووە بە ڕۆجەر بیکۆن ، سەزگین وتی: "دەرکەوت هەمان بیرۆکەی خازنی بەکارهێناوە لەکەشناسی، بەبێ ئەوەی ناوی خازنی بهێنێت" (Sezgin,2008,c:1,p:37) هەروەها لەزانستی بیرکاری بیرۆکەی زانستی عومەر خەیامی بەراوردکردووە لەگەڵ هەریەك لە زانایانی ڕۆژئاوا دیکارت و ڤان شوتن(van Scgooten) وهالیH.HALLEY لەئەنجامدا دەرکەوت بیرۆکەی عومەر خەیامیان بەکارهێناوە لە دۆزینەوەی شیکارکردنی هاوکێشەی پلەسێ(Sezgin,2008,c:1,p:28؛سزکین،2002،مج5، ص ص54-56).

هەروەها پەرتوکەکانی گالینی بەراوردکردووە بە پەرتوکەکانی حەنینی کوڕی ئیسحاق، سەزگین وتی(( بیست پەرتوکی گالین لە بنەڕەتدا بەرهەم وبیری پزیشك حنین کوڕی ئیسحاقە... ئالەتە پزیشکیەکانیش لە زانا موسڵمانەکان وەرگرتووە، بەتایبەتی لە نەخۆشی چاو))(Turan,2015,p:104؛سزکین،2002،مج3،ص ص124 -126).

سەزگین لەکۆتاییشدا دەڵێ: "ویستم بەیرونی بەراوردبکەم بە زانایانی ڕۆژئاوا، کەسم نەبینیەوە هاوشانی بەیرونی بێ))(Turan,2015,p:97)سەزگین لەو بەراوردکاریە سەرکەوتووبوو ، توانی شوێنی شارستانی ئیسلامی لەمێژووی زانست دیاری بکات ، لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی دەرکەوت لەکۆی چل هەزار پەرتوك ودەستنوسی زانایانی ڕۆژئاوا، سی وپێنج هەزار دەستنووس لە بنەڕەتدا بەرهەمی ڕەسەنی زانا موسڵمانەکانە بۆماوەی هەشت سەدە، بەناوی زانایانی ڕۆژئاوا بڵاوکراوەتەوە، لەم ڕوانگەشەوە پەرتوکی (تأريخ تراث العربی) پێشەنگترە لە پەرتوکی (ڕۆژهەڵاتناسی) ئەدوارد سەعید لەهەموو لایەنەکەوە، چونکە سەزگین یەکەمین کەس بوو لە نووسەرانی ڕۆژهەڵات کاریگەری شارستانی ئیسلامی بەسەر ڕۆژئاوا بە لێکۆڵینەوەی زانستی بەبەڵگەوە خستەڕوو، کە زیاتر دەستنووسی زانا موسڵمانەکان و زانایانی ڕۆژئاوا لە لێکۆڵینەوە بەکارهێناوە ، بەڵام زۆربەی ئەو سەرچاوانەی ئەدوارد سەعید پشتی پێبەستوون، لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسان ونووسەرانی ڕۆژئاوایە، بەڵام سەزگین خۆی بەراوردی سەرچاوەی نووسراوی زانایانی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا ی کردووە، زیاتر پشتی بە دەستنوسەکان بەستووە، لەڕووی مێژوییەوە پەرتوکی تأريخ التراث العربی پێش پەرتوکی ڕۆژهەڵاتناسی کەوتە بەردەستی خوێنەر(سعید،2005، ص ص 44-87).

**5- بەراوردکرنی لقە زانستیەکان**

سەزگین لەهەموو بەرگەکانی (تأريخ التراث العربی)، بەراوردێکی تەواوی لقەزانستیەکانی سێ شارستانیەتی گەورە(یۆنانی-ئیسلامی-ڕۆژئاوا) ی کردووە، هەموو ئەو جیاوازیانەی بەدیارخستووە، کە لەنێوان ئەو سێ شارستانیەتە هەبووە، بەتایبەتی زانا موسڵمانەکان چەندین لقی زانستی نوێیان دامەزراندووە، هەوڵی پۆلێنکردنی زانستەکانیان داوە، لەدیارترین ئەو لقە زانستیانەی زانا موسڵمانەکان دامەزرێنەری بوون، بریتیە لە زانستی (کەشناسی،جوگرافیای بیرکاری، جوگرافیای مرۆیی، جوگرافیای فیزیا،

کۆمەڵناسی، دەرونزانی، کیمیا، فیزیا، دەریاوانی بەمیتۆدێکی نوێ)، سەزگین دوای بەراوردکردنی بە لقە زانستە یۆنانیەکان دەرکەوت تەنها ئەرستۆ هەوڵی پۆلێنکردنی زانستەکانی داوە، لە ڕۆژئاواش تاکو سەدەی شازدەهەم لەئەنجامی وەرگێڕانی دەستنووسی زانا موسڵمانەکان بەو لقە زانستیانەیان زانیووە، تاکو سەدەی هەژدەهەم هیچ داهێنانێکی نوێیان نەبووە لەو لقە زانستیانە، تاکو سەدەی نۆزدە وبیست بە بەشێك لەو لقە زانسیانەیان هەر نەزانیووە، هەر ئەمەش بوو وای لە ڕۆژهەڵاتناسان کرد تاکو پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو چەندین کۆنگرەی گەورە ببەستن لە شاری بۆردۆ وفرانکفۆرت بۆ لێکۆڵینەوە لەو پەرجۆیەی لە شارستانیەتی ئسلامی لەسەردەمی زێڕین ڕوویداوە(یلماز،2015،ص ص 65-67)، وتەنانەت ئێستاش هەوڵی وەرگێڕان وکۆکردنەوەی دەستنووسی زانا موسڵمانەکان بدەن، یەکێك لەو هەوڵانە ، هەوڵی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی کارڵ برۆکڵمان(م:1956ز) بوو کەگەورەترین خزمەتی بە شارستانیەتی ڕۆژئاوا کردووە لە پەرتوکە بەناوبانگەکەی (تأريخ الادب العربی) کەلەساڵی(1898-1902ز) پێنج بەرگی لەسەر لقە زانستە ئیسلامیەکان دەرکردووە، سەرەڕای شێواندنی مێژووی زانستە ئیسلامیەکان لە پێشەکیەکی کورتدا ، دەستنووسی یەکە بەیەکەی زانا موسڵمانەکان بەهەموو تویژەرانی ڕۆژئاوا پیشان دەدات لەهەموو کتێبخانەومۆزەخانەکانی جیهان، کەلە چ کتێبخانەیەك ئەو دەستنووسە هەیە؟، ژمارەی کتێبەکە لەو کتێبخانەیە چەندە؟، دەکەوێتە چ شارێك ودەوڵەتێك؟، تەنانەت پێمان دەڵێ هەموو کەلتوری ئیسلامی شایەنی لێکۆڵینەوەیە لەلایەن ڕۆژئاوایەکان(بروكلمان،د.ت،ج1،ص ص 11-110؛ج2، ص ص119-142،ج3،ص ص 44-65).

مێژوونووس سەزگین ، هەستی بەگرنگی پەرتوکەکەی برۆکڵمان کردووە، بەناونیشانی(تأريخ الأدب العربی)، هەربۆیە لەدوای ساڵی(1954ز) بڕیاردەدات پاشکۆیەك بۆ کتێبەکەی برۆکڵمان زیادبکات، بەڵام لەدوای ساڵی (1959ز) بڕیاردەدات پەرتوکێکی سەربەخۆ بنوسێت بۆ پڕکردنەوەی کەم وکوڕیەکانی پەرتوکەکەی برۆکڵمان لەسەر بناغەی هەموو دەستنووسەکانی جیهان ، لەدوای سەردانیکردنی بۆ مۆزەخانەو کتێبخانەی شەست دەوڵەت لە ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا، توانی بەرگی یەکەمی پەرتوکەکەی لەساڵی(1967ز) بەناونیشانی (تأريخ التراث العربی) لە چاپخانەی لیدن لەهۆڵەندا دەربکات، تاکو مردنی بەردەوام بوو لەدەرکردنی بەرگەکانی ئەم پەرتوکە، تاکو گەیشتە هەژدە بەرگ ، لە پێشەکی درێژدا لەهەموو بەرگەکانی پەرتوکەکەی وەڵامی بەشێکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتناسانی دایەوە (یلماز،2015،ص46 ؛ Sezgin,1978,c:7,pp.121-165) ، هەموو ڕاستیە مێژوویەکانی بە بەڵگەوە پشت ڕاستکردەوە، لەهەمووشی سەیرتر ئەوەیە پاشکۆیەکی بۆ پەرتوکەکەی زیادکردووە لەبەرگی شەشەم، ناوی هەموو ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی بەدیارخست کەسەردانی چ کتێبخانەیەکیان لە ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا کردووە، کە ئامانج لێی پاراستنی کەلتوری مەزنی ڕۆژهەڵات بوو لە ئێستاوداهاتوو(سزكين،1983،ج6،ص ص 22-156). سەرەڕای ئەمانەش سەزگین ڕۆڵی هەبوو لە دەرخستنی چەندین لقی زانستی ، لەوانە بەرگی دەیەم تایبەت بە زانستی نەخشە (Sezgin,2000,c:10,pp:14-122 )، بەرگی یازدەهەم ودوازدەهەم وسێزدەهەمی تایبەتکرد بەلقێکی نوێی جوگرافیا، بەناوی (جوگرافیای بیرکاری)کە زانا موسڵمانەکان داهێنەری ئەولقە زانستیەبوون، بەتایبەتی ئیبن سیناوبەیرونی بەدامەزرێنەری ئەو لقە زانستیە دادەنرێن-Sezgin,2000,c:12,pp:10 88); Sezgin,2000,c:13,pp:9-55).

هەروەها سەزگین بەرگی چواردەهەیەمی تەرخانکردووە بۆ لقێکی تری جوگرافیا، بەناوی (جوگرافیای مرۆیی) سەرنجی خستۆتە سەر هەموو گەڕیدە وجوگرافیناسە موسڵمانەکان، چەندین ڕاستی شاراوەی دەرخستووە، کە گەڕیدە لەپەرتوکەکانیان زۆرترین گەشتیان ئەنجام داوە، لەوانە: ئیبن حوقڵ سەردانی چل هەرێمی جیاوازی کردووە( Sezgin,2015,c:14,pp:33-36) ,بە میتۆدێکی زانستی زانیاریەکانیان گواستۆتەوە، ئیبین جبیر نزیکەی سەدان میلی بڕیووەو زانیاریەکی تەواوی لایەنی کۆمەڵایەتی وڕۆشەنبیری وزانستی بەخشیووە(Sezgin,2000,c:10,pp:14-122 ).

سەزگین کاتێك بەراوردی هەوڵی جوگرافیناسان، گەڕیدە موسڵمانەکان، لەگەڵ گەڕیدەو جوگرافیناسانی ڕۆژئاوا کردووە، بەهۆی ئەوەی زمانەکانی ڕووسی ، ئیسپانی زانیووە، ئەو ڕاستیەی بۆدەرکەوتووە کەزانایانی جوگرافیناسی ئیسلامی دامەزرێنەری ڕاستەقینەی جوگرافیای مرۆیین، چونکە جوگرافیناسان هەرلەسەدەی (3ك/9ز) لە هەوڵی دۆزینەوەی شوێنی نوێدابوون، هەوڵەکانی یەعقوبی،ئیبن حوقڵ(م:367/977م) ، ئەبوشەرەف مقدەسی(336-380ك/947-990ز)، بەلەخی، مەسعودی بەڵگەیەکی ئاشکران ،کەجوگرافیناسە موسڵمانەکان، چەندین شوێنی نوێی جوگرافیان دۆزیەوە-Sazgin,2008,c:3,pp:4 24)، نەك تەنها لە کیشوەری ئاسیا وئەفریقیا، بەڵکو گەیشتنە بەشێکی ڕۆژئاواشیان ناسیوە (أبن حوقل،1932،ج1، ص ص 118-125).

ئیبن بەتوتە(703-779ك/1304-1377ز) ، شەمسەدین مەقدەسی(340-380ك/947-990ز)، ئیبن حوقل(م:367/977م)، زیاتر لە کریستۆف کۆڵۆمبۆس(1451-1506ز) گەشتیان کردووە، ئەوان پێشەنگن لە زانستی وڵاتناسی، هـەموو لقـەکانی جوگرافیـا، وەکو ڕۆژهەڵاتناس هینینگ R,Hennigدەڵێ: "گەشـتەکانی ئیـبن بەتوتـە لـە ڕووی جوگرافیـا زۆر دەوڵەمەنـدن، خەزێنەیـەکی ون بـوون، زیـاتر لـە مـارکۆپۆڵۆ(1254-1324ز) گەشـتی وڵاتـانی کـردووە"(Sazgin,2008,c:3,p:8) ، هـەروەها سـەزگین پێـی وایـە، کـە جوگرافیناسان لەسەدەی (9-10ز) بەدوای وڵاتی نوێ گەڕاون، لەوانە مقدەسی گەیشتە هیندستان، لە پاشان ستایشی ڕۆژهـەڵاتناس شپرینگر دەکات، کەئەو دەستنوسەی لە ساڵی (1877ز) لەهیندستان دۆزیەوە ووتی: "مقدەسی گەورەترین جوگرافیناسە لە جیهـان، لـە مێـژوودا جوگرافیناسـێکی وەکـو مقدەسـی نادۆزیـتەوە" (Sazgin,2008,c:3,p:3). سـەزگین لـەدوای ئـەم ڕاسـتیە مێژوویانـە پرسیاردەکات، دەڵێ: "هەریەك لە کریسـتۆف کۆلمبـۆس وفاسـکۆداگاما(1469-1524ز) لـە گەشـتەکانیان ، ئەسـترۆلاب وقیبلەنـەما ونەخشەی وڵاتی هیندستان وکیشوەری ئەفریقیاو ئاسیایان پێ بوو، ئەو هەموو زانیاریە وردانەیان دەربـارەی شـوێنە جوگرافیـەکان لەکوێ هێناوە؟ لەکاتێکـدا پورتوگـاڵ وئیسـپانیەکان خـاوەنی نەخشـەیەکی زانسـتی جـوگرافی نـەبوون، پـێش گەیشـتی دەسـتنووس ونەخشەی جوگرافی زانا موسڵمانەکان بە ڕۆژئاوا" (Sezgin,2010,c:10,pp:125-133) .

سەزگین پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد ڕاستیەکی مێژووی تری دەرخسـت، ئـەویش ئـەوەبوو موسـڵمانان چەنـدین دەریـاوانی بەناوبانگیان هەبوو، گەشتیان بەزۆربەی بەشەکانی جیهان کردووە، شوێنی تازەیان لەڕووی دەریاوانی دۆزیەوە، بەتایبەتی هەریـەك لە سلێمان مەهری(1480-155ز) وئیبن ماجد(1418-1501ز) دەگەنە زەریای هیندی ودەستنووسی تایبەتیان هەبووە لەسەر زانسـتی دەریاوانی، بە ڕێگای دەریایی گەشتیان کردووە ، هەروەها پیری ڕەئیس(1465-1555ز) نەخشەیەکی نوێی جیهانی کێشاوە ، سەزگین لەبەرئەوەی زمانی ئیسپانی ولاتینی زانیووە، دەستنووس ونەخشەی دەریاوان وگەڕیدەناسە موسڵمانەکانی بە دەریاوان وگەڕیدەناسە ڕۆژئاوایەکان بەراوردکردووە، بە بۆچونی خۆی دەگاتە ئـەو ئەنجامـەی گەڕیـدە ودەریاوانـانی ڕۆژئـاوا سـوودیان لـە نەخشـەی زانـا موسڵمانەکان وەرگرتووە، لەپێش هەموویان کۆلۆمبۆس وگاما وماجلان وپۆرتلان، کۆلۆمبـۆس سـوودی لەنەخشـەی پیـری ڕەئـیس وەرگرتووە بۆ گەیشتن بە ئەمەریکا، سەزگین ئەو ڕاستیەی خستەڕوو، کەنەخشەکەی پیری ڕەئیس شاردرابووەوە تاکو سـاڵی(1928ز) پارچەیەکی دۆزرایەوە لە کۆشکی تۆپقاپی ونیوەی نەخشەکەش تاکو ئێستا نەدۆزراوەتـەوە، لـەو نەخشـەیە دەریـدەخات دەریـاوان وجوگرافیناس پیـری ڕەئـیس دەگاتـە هـەردوو ئەمـەریکا وبەتایبـەتی بـەڕازیل، کیشـوەرێکیش لەنەخشـەکەی بـوونی هەیـە بـەناوی (ئەتلانتیکا)، سەزگین لە ئەنجامی بەراوردکردنی نەخشەکانی جیهان، ئەنجامی سەرسـوڕهێنەری دەسـتکەوت، لەوانـە موسـڵمانەکان پێش کریستۆف کۆلۆمبۆس ئەمەریکایان دۆزیەوە ، لەڕاستیدا کۆڵۆمبۆس نەخشەی زانا موسڵمانەکانی بـەکارهێناوە بـۆ گەیشـتن بـە ئەمەریکا، کۆلۆمبۆس سوودی لەنەخشەی پیری ڕەئیس وەرگرتووە (Sezgin,2010,c:10,p:125).

سزگین پێی وایە کە ئەزمونی زانا موسڵمانەکان لە ڕووی نەخشـەی جوگرافیـاوە بەتـەواوەتی بـە ئێمـە نەگـەینراوە، تەنانـەت ئەزمونی دەریاوانیش زیاتر ڕۆژئاوا سودیان لێوەرگرتبوو، سەرچاوەی زانیاریشان ئاشکرانەکردووە، سزگین لە ئەنجامی لێکۆڵینـەوەی لە نەخشەی جوگرافیناسان جۆسیپ نـەدیم Joseph Needham ،شـینگڵ واڵتیـر فـۆچ Sinolog Walter Fuchs کـە نەخشـەیەکیان کێشاوە (35) شاری عەرەبی تێدایە ، کە لەسەدەی حەڤدەهەیەم ئـەم نەخشـەیە دروسـتکراوە، لـە ئـەنجامی بـەراوردکردنیان بـۆی دەرکەوتووە، کە ئەو نەخشانە لە ژێر کاریگەری زانا موسـڵمانەکان دروسـتکراون، (Sezgin,2010,c:10,pp:325-330) شـایانی باسـە سزگین لە پەرتوکەکەی هەموو ئەو نەخشانەی بە وێنەداناوە، لەگەڵ نەخشەکانی زانا موسڵمانەکان.

لەدوای هەموو ئەمانەش سەزگین وێنەی (بیست وهەشت لقی باخچە هەڵواسراوەکە) ی ئیبن سینا لەبەردەم مۆزەخانەی (زانست وتەکنەلۆجیای ئیسلامی) لەشاری ئەستەنبۆڵ دروستکردەوە،وەکو ئاماژەیەك بەوەی شارستانیەتی ئیسلامی بیست وهەشـت لقی زانستی هەبووە[9]، دەرگاشی واڵاکردووە لەبەردەم توێژەران کە لێکۆڵینەوە لە دۆزینەوەی لقەکانی تری زانستی ئیسلامی بکەن، ولەپێشەکیەکیشیدا دەڵێ: "سوپاسی خودا دەکەم ئەو دەرفەتەی بەمن بەخشی کەیەکەم کەس بم، مێژووی( جوگرافیـای بیرکـاری) بنووسم))، لە پەراوێزیکیش زیاتر هانی توێژەرانی ئیسلام دەدات ودەڵێ: "من لەبەر کەمی کات نـەمتوانی کـار لەسـەر لقێکـی تـری جوگرافیا بکەم، کە زانا موسڵمانەکان دامەزرێنەری ڕاستەقینەن، ئەگەربکرێ کەسێك توێژینەوە لەسەر لقێکی تری جوگرافیا بکـات، بەناوی ((جوگرافیای فیزیا)) "(Sezgin,2000,c:11,p:5) .

**6-.نەخشەکانی جیهان**

سزگین لە بەرگی دەیەم و یازدەیەم ودوازدەیەم وسێزدەیەم کە تایبەتە بە مێژووی نەخشە و جوگرافیای بیرکاری، بەراوردێکی تەواویکردووە لە نێوان (200)نەخشەی جیهان، پەیوەندی و کاریگەری نێوان نەخشەکانی جیهان بەدیاردەخات، سەرەتا بە پرسیارێك دەستپێدەکات ڕۆژئاوایەکان بۆچی مێژووی جوگرافیای بیرکاریان نەنووسیووە؟ سەزگین بۆ دەرخستنی کاریگەری نەخشەکانی زاناموسڵمانەکان بەسەر شارستانی ڕۆژئاوا، سەرەتا بەراوردی لەنێوان نەخشەی بەتلیمۆس(100-160ز) ومارینۆس لەگەڵ نەخشەی خەلیفە مەئمون(218/170ك-833/786ز) دەکات، دەڵێ: " نەخشەی خەلیفەی مەئمون جیاوازی زۆربوو لەگەڵ نەخشەی بەتلیمۆس، ناوی نزیکەی (800) شوێن لە نەخشەکەی مەئمون هەبوو، هێلی درێژی وپانی بەکارهێنراوە، بەتڵیمۆس دەریای ناوەڕاستی بە دەریاچە ناوبردووە"(Sezgin,2000,c:11,p:33) .

نەخشەی بەتلیمۆس ومارینۆس- جیاوازێکی گەورە دەبینین، لە نەخشەی مارینۆس زەریاکان بە دەریاچە دەردەکەون، زەریای هیندی دەریاچەیەکە، زەریای ئەتڵەسی دەریاچەیەکە، کاتێك بەراوردی دەکەیت بەنەخشەی خەلیفە مەئمون ، نەخشەی خەلیفە زانستی ترە(Korkmaz,2008,p:125)، لەلایەکی ترەوە موسڵمانان بەپێی نەخشەکان دەگەنە ناوچەکانی باشوری ئەفریقیا(Sezgin,2010,c:15,p.5)، دواتر چین، دوای بەراوردکردنی بە نەخشە ی گەڕیدە وجوگرافیناسانی ڕۆژئاوا، هەر وەك سەزگین دەڵێ: "ئەو نەخشانەی گەڕیدەو جوگرافیناسانی ڕۆژئاوا هەیانبوو، نەخشەی هەڵەن و زانستی نین، نیوەشیان لاسایکردنەوەی نەخشەی زانا موسڵمانەکانن"(Turan,2010,p:42;Yilmaz,2015,p:87) .

جێگای ئاماژەپێکردنە نەخشەی خەلیفە مەئمون لەلایەن ڕۆژهەڵاتناس سمیڵین ئەوسوری Ausrei semmeln لەدوای وەرگێڕانی بۆ لاتینی بەناوی (مارینۆس) بڵاوکرایەوە(Sezgin,2010,c:15,p.5)، بەڵام سەزگین ئەو نەخشەیەی لە ساڵی (1984ز) لەکۆشکی تۆپقاپی لەئەستەنبوڵ دۆزیەوە (Bayhan,2013,p.57)، زۆر ڕاستی شاراوەی دەرخست ، لەوانە هەریەك لە زاناو جوگرافیناسان: ئیبن حوقڵ وکندی وسەرخەسی وچەند نووسەرێکی نادیار نەخشەکانیان ساختەیە ولە نەخشەی خەلیفە مەئمونیان وەرگرتووە وئاماژەیان پێنەکردووە(Sezgin,2010,c:15,p.12) دواتر نەخشەی خەلیفە مەئمونیشی بەراوردکردووە بەنەخشەی بەیرونی ، وتی : "یۆنانیەکان تەنها وەسفی هێڵی درێژی وپانیان کردووە، بەڵام بەیرونی میتۆدێکی جیاوازی بەکارهێناوە، ماوەیەکی (200) هەزار کیلۆمەتری بڕیووە لەنێوان غەزنەو بەغداد بۆ پێوانەکردنی درێژی وپانی (60) شوێنی لەنێوان ئەو دووشارە بەپێوانەی ژمێریاری پێوانەکردووە ، کە زانستی سێگۆشەی بۆ یەکەم جار لەنەخشە بەکارهێنراوە" (Sezgin,2000,c:12,p:55). بەیرونی بە دامەزرێنەری زانستی جوگرافیای بیرکاری دادەنرێت، لە پەرتوکی(تحدید نهایات الأماکن لتصحیح مسافات المساکن)، میتۆدێکی نوێی بەکارهێناوە بۆ درێژی وپەیڕەویکردووە لەسەر زەریاکان. لەدوای بەراوردکردنی بە زانایانی ڕۆژئاوا، سەزگین وتی: " ڕۆژئاوایەکان بەکارهێنانی زانستی سێگۆشە دەگەڕێنەوە بۆ زانای هۆڵەندی ویلبرۆرد سینلۆس(1580-1626ز)، بەڵام لە ڕاستیدا ڕۆژئاوایەکان تاوەکو سەدەی بیست ئەو زانستەیان نەزانیووە، زانا موسڵمانەکان توانیان لەسەدەی پازدە ئەم زانستە بۆ پێوانەی دەریاکان بەکارهێناوە، لەوانە پێوانەکردنی هێلی درێژی نێوان کەنارەکانی سۆماتراو کەنارەکانی ئەفریقیا سەرسورهێنەرن، ژماردنی خاڵ لەسەرئەو دەریایە فراوانە ئەنجامێکی نوێ بوو، ڕۆژئاوایەکان لەسەدەی بیست بەو کارە زانستیەیان زانیووە" (Sezgin,2004,c:1,pp:413-422;korkmaz,2009,pp:220))، لە کۆتایشدا دەڵێ: "بەیرونی یەکەم زاناودامەزرێنەری جوگرافیای بیرکاریە"، ئەو پەرتوکەی بەیرونیش لەلایەن زانایانی ڕۆژئاوا شاردرابووەوە تاکو ساڵی (1935ز) لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسان دۆزرایەوە، لەساڵی (1965ز) بڵاوکرایەوە(Turan,2018,p:116)، سەزگین هەربەوەش نەوەستا بەیرونی بەراوردکردووە بە زانایانی ڕۆژئاوا دەرکەوت هیچ پەرتوکێك لەسەر جوکرافیای بیرکاری بوونی نیە، شۆن ڕۆجێر بیکۆنSchon Roger Bacon (1214-1292ز) هەموو زانیاریەکانی لەبەیرونی گواستۆتەوە بەبێ ناوهێنانی ئەو زانایە (Sezgin,2010,c:15,p.6)ئەنجامەکەی دەردەخات کە سەدا هەشتای نووسەرانی جوگرافیای بیرکاری زانا موسڵمانەکانن، سەدا بیستی زانا یۆنانی وهیندیەکانن، لە کۆتایشدا ناوی چل وسێ زانای موسڵمان تایبەت بەجوگرافیای بیرکاری لەبەرگی یازدەیەمی پەرتوکی(تأریخ التراث العربی) دەهێنێت (Sezgin,2000,c:11,pp:5-8).

لەلایەکی ترەوە سەزگین پێی وایە کە چینیەکان سودیان لە میتۆدی نەخشەی موسڵمانەکان وەرگرتووە بۆ دروستکردنی نەخشەی جیهان، ئەمەش لەدوای هێرشی مەغۆلەکان، لەسەردەمی قوبلایخان ، نەسرەدین توسی شەش ڕوانگە لە شاری مەراغە دروستکردووە، سزگین بە بەراوردکرنی نەخشەی جیهانی چین کە لەسەدەی چواردەی زاینی دروستکراوە، بەتایبەتی نەخشەی چوسو پین Chu-Su-pen (Sezgin,2010,c:15,p.13)لەئەنجامدا سەزگین وتی: " نەخشەی جیهانی چینی ماهوان لەژێر کاریگەری نەخشەی موسڵمانان ئەو نەخشەیە دروستکراوە، بە جۆرێك قەبارەی شارەکان، ڕەنگەکان کە لەنەخشەکان بەکارهاتووە بۆ شاخ ودەریا

وڕووبارەکان، هەتاوەکو لە ڕووی پێوانەی درێژی زەریاکانیش سودیان لە میتۆدی بیرونی وەرگرتووە " (Sezgin,2010,c:10,pp:312-324).

نەخشەی جوگرافی زانا موسڵمانەکانیشی بەراوردکردووە بە نەخشەی جیهانی جوگرافیناس ئیدریسی ، لەسەدەی حەڤدەیەم ولەسەردەمی ڕۆجێری دووەم پاشای سقلیەش بایەخێکی زۆری داوە بەلایەنی بیناسازی وچەندین خەڵکیان ناردووە بۆ ڕۆژهەڵات داوای لە ئیدریسی کردووە کەنەخشەی جیهان بکێشێت ، لە ساڵی (1138ز) ئیدریسی میوانی ئەو پاشایە بوو ، بەڵام دوای تەواوکردنی نەخشەکە بۆماوەی سی ساڵ(سزگین،2014،ص ص 11-15؛Sezgin,2006,s.11-14)، لە ساڵی(1154ز) پاشا ڕۆجێربەناوی خۆی ئەو نەخشەیەی لە جیهان ناساندووە، کە لە بنەڕەتدا نەخشەی ئیدریسیە ، ئیدریسیسش لەسەر نەخشەی خەلیفە مەئمون ئەو نەخشەی دروستکردوە، بە گۆڕانکاری زۆرەوە(Sezgin,2010,c:12,p: 123) , ونەخشەکە لەسەر دەفرێکی زێڕین نەخشێنراوەتەوە، دوای سەدەیەك یەکەم نەخشەی ڕۆژئاوا لەو سەردەمە کێشراوە (Sezgin,2008,c:1,p.14)ڕۆژهەڵاتناس کورسۆمی لیبەر لە ساڵی 1140 یەکەم نەخشەی زانا موسڵمانەکانی هێنابووە ڕۆژئاوا زۆری پێ نەچوو نەخشەیەکی دروستکرد شەست شاری عەرەبی تێدایە، پەرتوکەکەشی سەرچاوەی ڕۆجەر بیکۆنە. سزگین لە پەرتوکەکەی هەموو ئەو نەخشە ساختانەی ئاشکراکرووە، کە ڕۆژئاوایەکان لەسەر نەخشەی موسڵمانەکان دروستیان کردووە(Sezgin,2015,pp:15-22)، لە پاشان وتی: "نەخشەکەی ئیدریسی بەتەنیا نزیکەی بیست جار لەلایەن جوگرافیناسانی ڕۆژئاوا کۆپی کراوە"(Sezgin,2010,c:15,pp.21-22) ،ئەو ڕاستیەشی خستەڕوو کە نەخشەکەی ئیدریسیش لەسەدەی سێزدەی زاینی بەناوی بەتلیمۆس بڵاوکراوەتەوە لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسان(Sezgin,2007,c:13,pp.103-104).

لە ئەنجامی بەراوردکردنی نەخشەی زانا موسڵمانەکان، بە نەخشەکانی ڕۆژئاوا ،سەزگین پێ وایە کە زۆربەی نەخشەکانی جیهان لە ژێر کاریگەری نەخشەی خەلیفە مەئمون، ئیدریسی وبەیرونی دروستکراون-Sezgin,2016,s.21) 23;Sezgin.2016,pp.22-25)، جوگرافیناسانی ڕۆژئاواش هەمان نەخشەیان دروستکردووە بەبێ ناوهێنانی سەرچاوەی پێش خۆیان، یان ناوی زانایەکە، لە بەرگی دەیەم بەشێك لەو نەخشانەی ناساندووە کە جوگرافیناسانی ڕۆژئاوا بەناوی خۆیان بڵاویان کردۆتەوە، لەوانە: نەخشەی برۆنیتۆ لاتینیBrunetto Latini کە لەساڵی (1265ز) دروستکراوە ، لە بنەڕەتدا نەخشەی خەلیفە مەئمون هیچ دەستکاریەکی نەکراوە(Sezgin, 2010,c:12,pp.100-121).

سەزگین بەراوردی کردووە لەنێوان نەخشەی دەریای سپیی ودەریای ڕەش کە لەساڵی(1413) لە لایەن ئەحمەد تانجی دروستکراوە لەگەڵ نەخشەی لەگەڵ نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا کە لەسەدەی نۆزدە کێشراوە، لەڕووی درێژی زەریاکانەوە، سەزگین وتی ئەنجامەکانیان زۆر لێك نزیکە لەڕووی درێژیەوە، کە (28-30پلەیە)(Sezgin,2016,p:37)، لەدوایشدا وتی موسڵمانەکان بۆ یەکەم جار دورگەیەکیان لە باشوری فەرەنسا لەنێوان مارسیلیاونیس دۆزیەوە، لە سای (971ك)، بەڵام لەنەخشە ڕۆژئاوایەکان ئەو دورگەیە نابینرێ، دواتر موسڵمانەکان بەڕێگای دەریاوە کۆچ دەکەن و دەگەن بە دورگەی (جاڤا) ، کە بە بۆچونی سەزگین ئامانجی موسڵمانەکان گەیشتن بە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بووە، بەڵام دەگەن بە ڕۆژئاوای کیشوەری ئەوروپا و لەسەدەی دە یەم دەیانتوانی بگە ڕێنەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (Sezgin,2000,c:11,p:11). لە پاش دۆزینەوەی نەخشەی ڕاستەقینەی ئەحمەد تانجی لە کۆشکی تۆپقابی لەلایەن سەزگین ئەو ڕاستیەی مێژوویەی بەدیارخست ، وتی: "لەڕاستیدا نەخشەکەی ئەحمەد تانجی بەشە تەواوکراوەکەی نەخشەی خەلیفە مەئمون بووە، ، ڕۆژهەڵاتناسان ئەم نەخشەیان لە دەستنووسەکەی بەتەواوی سڕیبوەوە، لەبەرئەوەی نەخشەیەکی تەواوی جیهانە"(Sezgin,2010,c:15,p.14-18) ، جیۆڤانی کارگینۆش ئەو نەخشەیەی وەکو خۆی بەناو خۆی بڵاوکردۆتەوە، سەزگین بەسوودوەرگرتن لە تێبینیەیەکی (پەراوێز) ێکی نەخشەیەکی ئیتاڵی ڕاستیەکی مێژووی سەلماند، دەڵێ: "بۆمان دەرکەوت کەشتیەکی ئیتاڵی لە ساڵی(1420ز) بەنیازی سەفەرکردن بۆ کەنارەکانی ئەفریقیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەو زەویە ڕۆیشتوون ئەمرۆ پێی دەڵێن ئەمەریکا"(Sezgin,2012,p:51) , بەمەش موسڵمانەکان پێش کۆڵمبۆس ئەمەریکیان دۆزیەوە.

سەزگین ئەم نەخشە ئیتاڵیەشی بەراوردکردووە بەنەخشەکەی کریستۆف کۆڵۆمبۆس وتی: " ئەم نەخشەیە لە ساڵی (1470ز) نێردرا بۆ پورتوگال، وە نەخشەیەکی بەڕازیل هەیە کە بەزمانی جاڤای نووسراوە وەرگێڕدراوە بۆ ئیسپانی، هەروەها نەخشەیەی کاڤادیل هەیە لە ساڵی (1511ز) دروستکراوە"، سەزگین لەدوای بەراوردکردنی بە نەخشەی ئیدریسی وتی: " نەخشەی کاڤادیل نەخشەی زانا موسڵمانەکانە، بەڵگەشمان بەکارهێنانی پێوانەی درێژی وپانیە لەنەخشە، کەلەپێش ئەو سەردەمە هیچ

نەخشەیەك نەبووە هێڵی درێژی وپانی تێدابێت جگە لەنەخشەی زانا موسڵمانەكان، كریستۆف كۆلۆمبۆس ئەو نەخشەی بەكارهێناوە، بۆ گەیشتن بە ئاسیا" (Sezgin,2012,p:52).

سەزگین كاتێك هەموو ئەو ڕاستیە مێژوویە دەزانێت زۆر پێی سەیرە سوڵتان مورادی چوارەم (1623/1032ز-1640/1049ز) داوا لەڕۆژهەڵاتناس یەعقوب جۆلیۆس(1596-1667ز) نەخشەی ئەنادۆڵی بۆبكێشێت، كە جۆلیۆس یەكێكە لە ڕۆژهەڵاتناسە پێشەنگەكان بەرهەمی زانا موسڵمانەكانی وەرگێڕاوە بۆزمانی لاتینی(Sezgin,2015,pp:6-12)، لەهەمان كاتدا ئەو هەموو زانیاریەی لەزانا موسڵمانەكان دەستكەوتووە، داواكەی سوڵتان موراد ڕەتدەكاتەوە وپێی دەڵێ: "بەسەد ساڵ دەتوانم نەخشەی ئەنادۆڵ دروستبكەم" (Hadjı Khalifa ,2013.p.27).

**7- بەراوردكردنی دەستنووسەكان**

یەكێك لە دۆزینەوە گرنگەكانی سەزگین لە پەرتوكی (تأريخ التراث العربي) دەرخستنی سەرچاوەی زانیاری داهێنانی زانا ئەوروپییەكان بوو، كەبەشێك لە زانایانی ڕۆژئاوا بەهەوڵی ڕۆژهەڵاتناسان سوودیان لەوێنەی دەستنووسی زانا موسڵمانەكان وەرگرتووە ، كە لەدەستنووسی بەشێك لەزانا موسڵمانەكان وێنەی داهێنانی خۆیان لە دەستنووسەكان كێشاوە، لەدوای وەرگێڕانی ئەو دەستنووسانە بۆ لاتینی، هەوڵی شاردنەوەی ئەو وێنانەیان داوە، بەوەش نەوەستاون بەناوی زانایەكی ڕۆژئاوا بڵاویان كردۆتەوە، لەدیارترین ئەو پەرتوكانە: پەرتوكی (التصريف) پزیشكی بەناوبانگ ئەبوقاسم زەهراوی، كە وێنەی جۆرەها ئامێری پزیشكی تایبەت بەنەشتەرگەی گشتی وئامێری ددانی تیایدا وێنەی كێشراوە وشێوازی بەكارهێنانی تێدا شیكاركراوە، هەروەها بەكارهێنانی ڕیخۆڵەی ئاژەڵان بۆ دورینەوەی نەشتەرگەری وبەستنی دەمامك لەكاتی نەشتەرگەری كەتاكوئەو سەردەمەش لە زانستی پزیشكی داهێنانەكانی ڕازی بەكاردەهێنرێت(Sezgin,2008,c:4,p.8-11؛ الزهراوي،1984،ص ص 145/131/117).

هەروەها پەرتوكی(الجامع بين العلم والعمل النافع في الصناعة الحيل) ئیبن رزاز الجزری(1136-1206ز) كە وێنەی پەنجاوپێنج ئامێری كارپێكەری جوڵێنەری میكانیكی، لەوانە: "كاتژمێری ئاو وكاتژمێری فیل وڕۆبۆت وجوڵێنەری میكانیكی ئاووقفڵی دەرگاو ئامێری ئاوهەلكێشەری میكانیكی وچەندین داهێنانی تر " لەداهێنانی ئەو زانابەناوبانگەن، تاكو ئێستا بەكاردەهێنرێت لەژیانی ڕۆژانەدا، لەلایەن ڕۆژئاوا ئەو دەستنووسە تاكو سەدەی نۆزدەیەم شاردرابووەوە، یەكێك لە هەوڵی ڕۆژهەڵاتناسان لە نووسینەكانیاندا ئەوەبوو، كە گوایە ئەو وێنانە ساختاكراون، داهێنانی زانایانی ڕۆژئاوایە، بەتایبەتی لە لیۆناردۆ داڤینشی(1452-1519ز) وەرگیراوە ( Sezgin,2008,c:5,pp.55-60 ؛ الجزري،د.ت،ص ص 107/99/67/33)، هەر ئەمەش وای لە سەزگین كرد لەساڵی (1984ز) بەتایبەتی بچێتە شاری ڕۆما بۆ دەستكەوتنی دەستنووسی ڕەسەنی داڤینشی ، دوای لێكۆڵینەوەیەكی ورد ئەنجامێكی زانستیانەی دەرخست ، وتی: "داڤینشی لە پەرتوكەكەی ستایشی الجزري دەكات، بەڵام ئاماژەی بەوە نەكردووە كە سەرچاوەی زانیاری لەو وەرگرتووە"(Sezgin,2014,pp.67-72) ، لەپاشان وتی لیۆناردۆ داڤینشی تەنها وێنەكانی الجزري نەگواستۆتەوە هەموو ئەو وێنانەی لەپەرتوكەكەی وێنەی كێشاوە ، كە لەو سەردەمەدا بەخەیاڵی ناوزەندكراوە، دواتر كاریگەریەكی گرنگی هەبووە لەسەر شۆڕشی پیشەسازی لە ڕۆژئاوا، هەموو وێنەی دەستنووسی زانا موسڵمانەكانە و لەهەمووشی سەیرتر ئەوەیە داڤینشی سەرچاوەی زانیاری شاردۆتەوە، بەتایبەتی وێنەكانی دەستنووسی ئیبن هەیسەم لە زانستی ڕووناكی ووێنەی چەكەكانیشی لە دەستنووسی ئیبن بەراغا وەرگرتووە(Sezgin,2008,c:5,p.120)، پەرتوكی (جامع المبادئ والغايات في علم الميقات ) ی ئەبو حەسەن مەڕاكیشی لەو پەرتوكانەیە زانایانی ڕۆژئاوا سوودیان لەوێنەی داهێنانەكانی وەرگرتووە، كەهەریەكە لەو پەرتوكانە پێك هاتووە لەكۆمەلێك داهێنان ، كەسودێكی یەكجار گرنگیان هەبووە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا لەدیارترین ئەو ئەنجامەی سەزگین بەدەستی هێناوە لە ئەنجامی بەراوردكردنی داهێنانی زانا موسڵمانەكان بەداهێنانی زانایانی ڕۆژئاوا، ئەو ڕاستیەی مێژوویەی بەدیارخست كە ڕۆژهەڵاتناسەكان هەوڵی شاردنەویان دابوو(Sezgin,2008,c:3,p.140؛سزكين،2010، ص44). بەشێك لە ڕۆژهەڵاتناسانیش وێنەی خەیاڵی زانا موسڵمانەكانیان كێشاوە، لەوانە: ئەلبێرت دورێر(Albert Durer) وێنەی عەبدوڕەحمان سۆفی كێشاوە گۆیی زەوی لەدەستە كەبورجەكانی تێدایە، ،ناوی ئازۆپی عەرەبیAzopi Arabus یان بۆداناوە(Sezgin,2012,p:14)، بەڵام دەستنووسە ڕەسەنەكەی سۆفی كە وێنەی هەموو بورچەكانی تێدایە وبەدامەزرێنەری سەرەكی بورچەكان دادەنرێت، تاكو سەدەی نۆزدەهەم شاردرابووە، بەهەوڵی ڕۆژهەڵاتناسێك لەچاپدرایەوە(Sezgin,2012,p:14)، یان لەپەرتوكی جۆهانس هێرپانتۆس وێنەیەك هەیە كەدانیشتووە زانای موسڵمان فەرغانی وانەی پێ دەڵێ، كە لەبنەڕەتدا فرغانی هێرپانتۆسی

نەدیووە(Sezgin,2012,p:15). هەروەها ڕۆژهەڵاتناس سالۆمۆن شوایگەرSalomon Shweiger( 1551-1622ز) هەوڵی شاردنەوەی زانستی ڕەسەنی تەقیەدین ودەستنووسی ڕەسەنی ئەو زانایەی داوە، چونکە خاوەنی زۆرترین داهێنانە لەوانە: "ڕەسەد، ئامێری مۆسیقی، جۆرەها ئەسترۆلاب وکاتژمێر و کەسوود لەوێنەکانی وەرگیراوە، لەلایەن زانایانی ڕۆژئاوا وەکو خۆی دروستکراوەتەوە وبەناوی زانایەکی ڕۆژئاوا بڵاوکرابووە"، هەربۆیە هەوڵی شێواندنی مێژووی ئەو زانایەی داوە، دەڵێ: " زانای بەناوبانگی عوسمانی تەقیەدین پیاوێکی هەژاربووە لە ڕۆماوە بەدیل گیراوە، پاشان بۆتە قوتابی بیۆلیم، برۆکلۆس بە نهێنی پەرتوکی زانا بیرکاریەکانی ڕۆژئاوای وەرگێڕاوە، لەکاتێکدا ئەم ڕووداوە هەڵبەستراوە تەقیەدین خەڵکی شامە چەندین ڕوانگەی لە شاری ئەستەنبۆڵ دروستکردووە" (Sezgin,2008,c:1,p.145).

**8- هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەیی لەبارەی میتۆدی بەراوردکاری سزگین لەپەرتوکی (تأريخ التراث العربي).**

ئەکرەم زیا عەمری لە ساڵی(1973ز) ، یەکەم کەس بوو بیست وسێ تێبینی هەبوو لەسەر میتۆدی سەزگین لە پەرتوکی (تأريخ التراث العربي)، کە دیارترینیان ئەوەبوو کە سزگین زۆر گرنگی بە هەموو تەفسیرەکان نەداوە، ئەمەش هۆکاربووە کە کەموکوڕی لە میتۆدی هەبێت، بەتایبەتی ڕەخنەگرتن لە میتۆدی عەبدوللە کوڕی عباس (1973, ص ص 3-21 )، حیکمەت بەشیریش پێی وابوو ڕەخنەگرتی سزگین لە میتۆدی ئیمام بوخاری، واتا ڕازی بوونە بە میتۆدی بروکلمان، گولدتسهیر، لەسەر ڕێبازی ئەوان ڕۆیشتووە. لەلایەکی ترەوە لە ئێرانیش شیعەکان ڕەخنەیان لەمیتۆدی سەزگین گرتووە، کە پەرتوکی (تأريخ التراث العربي) ناوی زۆربەی زانایانی شیعەی نەهێناوە(1422ه،ص ص 22-33).

سەزگین بەو میتۆدانەی بەکاریهێناوە، سەرەتای سەرهەڵدانی زۆربەی زانستە ئیسلامیەکانی گەڕاندەوە بۆ سەدەی یەکەمی کۆچی/حەوتەهەمی زاینی، بەتایبەتی سەردەمی ئومەوی، تێبینی دەکرێ لە پەرتوکی (تأريخ التراث العربي) زۆر بەڕوونی وەسفی خەلیفەکانی ئومەوی کراوە، شوێنیان دیاریدەکات لە مێژووی زانستدا، بەڵام هیچ بایەخێکی ئەوتۆی بەخەلیفەکانی ڕاشدی نەداوە، چونکە لەدوای دەستپێکردنی فتوحات لەساڵی(15ك) لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتاب، بە ئاشکرا هەست بە گواستنەوە وکاریگەری نەتەوەکان دەکرێت لەسەر ئیسلام(سزكين،1981،مج3، ص ص 22-55). چونکە هەر لەو سەردەمە موسڵمانان تێکەڵاوبوون بە گەلانی تر، بەتایبەتی فارس وڕۆم، ئەمەش سەرەتایەك بووە بۆ گواستنەوەی کلتوری هێلینیستی، فارسی بۆناو ئیسلام ، بەڵام سەزگین پێی وایە کە لەکۆتایەکانی سەردەمی ئومەوی دەرکەوتبێت، لەوانە: دانانی ساڵنامەی ئیسلامی لەلایەن عومەری کوڕی خەتاب بە پێشنیاری سەلمانی فارسی، دانانی دیوانەکان، لەوانە دیوانی(العطاء) و(الجند) کەئەمەش کاریگەری فارس نیشاندەدات لەسەر شارستانیەتی ئیسلامی .هەروەها بەکارهێنانی کەشتی لە شەڕی (زات سەواری) لەسەردەمی عوسمان کوڕی عفان وزانستی دراو( النعيمي، النعيمي،1422ه،ص7).

لەسەردەمی ئێستاشدا چەندین دەستنووس دۆزرانەوە لەو کتێبخانانەی سەزگین لە عێراق ویەمەن سەردانی نەکردوون، کاریگەری خەلیفەکانی ڕاشدی لەسەر زانستەکان بەدیاردەخات کە بایەخێکی تایبەتیان بە زانستە ئیسلامیەکان داوە، لەوبارەیەشەوە دەستنووس هەیە(خلف،1422ه، ص27)، هەروەها سەزگین تەنها شوێنی ئافرەتانی لە هۆنراوە دیاریکردووە، لە کاتێکدا چەندین ئافرەتی تر ڕۆڵیان هەبووە لە زانستە سروشتیەکان سەزگین ناوی نەهێناون، لەوانە مریم ئەسترولابی، کە خاوەنی جۆرێکی تری ئەسترولابە وڕۆژئاواش سوودی لەو جۆرەی ئەسترولابە وەرگرتووە ، هەروەها سەزگین لەکاریگەری شارستانیەکان بایەخی بە شارستانیەتی چینی نەداوە ، پێ دەچێت بەهۆی کەمی سەرچاوە وزمانی چینی نەزانیووە ، لە چالاکی وەرگێڕان تەنها باسی شارستانیەتی چینی نەکراوە، لە کاتێکدا لەزانستی ئەندازیاری وتەکنیك زانا موسڵمانەکان سوودیان لەسەرچاوە چینیەکان وەرگرتووە، ئیبن نەدیمیش باسی کردووە، هەریەك لە کوڕەکانی موسا وئیبن جەزری سوودیان لەسەرچاوە چینیەکان وەرگرتووە( أبن نديم ،1997،ص ص 311-322)، تەنها کاریگەری جوگرافیای ئیسلامی بەسەر شارستانیەتی چینی دیاریکردووە (sezgin,2000,c:11,p,126), هەروەها شارستانی ئیسلامیش کاریگەری بەسەر شارستانیەتی چینی هەبووە ، سەزگین باسی نەکردووە ، لەوانە دروستکردنی ڕۆبۆت لەلایەن ئیبن جەزری ، کاریگەری بەهێزی هەبووە لەسەر شارستانیەتی چینی، تەنانەت سەزگین زۆربەی داهێنانی ئەو زانایەی لەبەرگرتەوەو لە مۆزەخانەکەی نمایشی کرد، بەڵام ڕۆبۆتی تێدانیە.

هەروەها سەزگین سەرکەوتووبوو لە چەسپاندنی شوێنی زانا موسڵمانەکان لە زانستی کیمیا لە مێژووی زانستدا، کە زانا موسڵمانەکان بەدامەزرێنەری ڕاستەقینەی زانستی کیمیا دادەنرێت، لەپێش هەموویان جابری کوڕی حەییان، هەرچەندە سەزگین ژمارەیەکی زۆری لەو حەفتا دەستنوسەی جابری کوڕی حەییان دەستکەوتبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەوتۆتە ژێر کاریگەری

ڕۆژهەڵاتناس پاوڵ کراوس ورۆسکا وستاپلتۆن، چونکە زانستی نیە زانا موسڵمانەکان بۆ دامەزراندنی زاستی کیمیا پشتیان بەبەشێك لە سەرچاوەی ساختەی یۆنانیەکان وەرگرتبێت، بۆیە لێکۆڵینـەوەی نـوێ لەوانەیـە ئـەو هەڵـە مێژوویـە ڕاسـت بکاتـەوە، هـەر وەك سەزگین خۆی دەڵێ: "سەردەمێکی تر لەوانەیە پەرتوکی (تأريخ التراث العربی) بەهۆی لێکۆڵینـەوەی نـوێی زانسـتی بـەهای زانسـتی خۆی لەدەست بدات، چونکە من لێکۆڵینەوەم لە سەدا یەکی دەستنووسەکان کردووە" (Yılmaz,2009, p.45).سەبارەت بە چـەمکی (ڕێنسانس) یش، سەزگین تەنها لەلایەنی زانستی ئەو چەمکەی شیکردۆتەوە، لایەنەکانی تری شارستانی ڕۆژئاوای باسنەکردووە، بۆیە زانستی نیە تەواوی ئەو چەمکە بخەینە پاڵ زانا موسڵمانەکان، بەڵام دەکرێت بلێین شارسـتانی ڕۆژئـاوا لـەژێر کاریگـەری شارسـتانی ئیسلامی دابووە. بەشێك لەزانایانی ڕۆژئاواش ساختەکاریان ئەنجام داوە.

هەروەها سەزگین هەژدە بەرگی بۆ پڕکردنەوەی پەرتوکی (تأريخ الادب العربی) برۆکلمان و تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە مێژووی کەلتوری ئیسلامی نووسی، بەڵام لە لایەن مێژووناسانی ڕۆژهەڵات هەشت بەرگی تـر بـۆ کەموکوڕیـەکانی پـەرتوکی (تـأريخ الـتراث العربی) فوئاد سزگین نووسراوە، بەناونیشانی((الاستدراكات التأريخ التراث العربی لفؤاد سزكين))( بشير،1422ه، ص ص 55-87) ، هەروەها لەلایەن عبدالرحمان خلف بەرگێکی تایبەتی بە زانستی فەرمودە نووسی، بەناونیشانی(الاستدراكات التأريخ التراث العربی لفؤاد سزكين، الحديث)، کە لە ئەنجامی بەکارنەهێنانی ئەو دەستنوسە زۆرانەی لە کتێبخانەکانی جیهان هەبوون ، سەزگین سەردانی نەکردوون وایکردووە کە ژمارەیەکی زۆری دەستنووسی زاناموسڵمانەکان ناویان لە پەرتوکەکەی سزگین نەبێت، بۆ نمونە سـزگین، لـە زانستی قورئان ئاماژەی بە بیست وحەوت زانا کردووە، بـەڵام حکمـت بشـير ئامـاژەی ب نزیکـەی چوارسـەد زانـای موسـڵمان لـەو زانستەکردووە(1422ه,ج1، ص ص 66-433).

لەلایەکی ترەوە سەزگین لەدەرخستنی کاریگەری شارسـتانیەتەکان لەسـەریەکتری، سـەرکەوتووبوو لـە دیـاریکردنی شـوێنی شارستانیەتی ئیسلامی لە مێژووی شارستانیەتدا، بـەڵام شارسـتانیەتی ئـەوروپای دامـاڵی لـە هـەموو لقەزانسـتیەکان تـاکو سـەدەی هەژدەهەیەم، سەرچاوەی هـەموو زانسـتەکانی گەڕانـدەوە بـۆ شارسـتانی ئیسـلامی، بـەجۆرێك ژیاروشارسـتانی ڕۆژئـاوا لەدیـدی سەزگین شارستانیەکە لەسەر بناغەی زانستی شارستانیەتی ئیسلامی دامەزراوە، لێرەدا پرسـیارێك دروسـت دەبێـت، ئەگـەر چـەمکی (ڕێنسانس) بەرهەمی زانا موسڵمانەکانە، ڕێبازی سکۆلاریزم کە ڕۆژئاوایەکان بەهۆکارێکی پێشکەوتنی شارستانیەتی ڕۆژئاوای دەزانن بەرهەمی کێ یە؟ شۆڕشی پیشەسازی چۆن دروستبوو؟ هۆکارەکانی پێشکەوتنی زانستی زانایانی ڕۆژئاوایە یان لە زانـا موسـڵمانەکان وەرگیراوە؟! لە ڕێبازی سۆفیگەری برۆکلمان بۆچـونی خـۆی لەگـەڵ کـارڵ مـارکس یەکـدەخات، مێـژووی سـۆفیگەری دەخەنـە ژێـر کاریگەری کلێسەی کریستیانی، بەڵام سەزگین هیچ وەڵامێکـی ئـەو بۆچونـەی مارکسـی نەدایـەوە، لێـرەدا بۆمـان دەردەکـەوێت کـە سەزگین ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لەدەرخستنی مێژووی زانستی شارستانی ئیسلامی، ڕەخنەی لەبەشێك لەزانایانی سەردەمی ڕێنسانس گرتووە، بەڵام وەڵامی نەبووە بۆ زانایانی سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی، هەروەك سـەزگین خـۆی دەڵـێ: " یـەکێك لـە هۆکارەکـانی دواکەوتوویی موسڵمانان لەو سەردەمە ، کەمبوونەوەی داهێنانی نوێی زانستیە" (Sezgin, 2004,p.34) .

لەلایەکی ترەوە سەزگین زۆرترین ڕەخنەی لەپەرتوکی (تأريخ الأدب عربی) ی کارڵ بـرۆکلمان وبەشـێکی زۆری ڕۆهەڵاتناسـان گرتـووە، کـە چەنـدین لقـی زانسـتی ئیسـلامیان شـاردۆتەوە چەنـدین لقـی نـوێ زانسـتی زانـا موسـڵمانەکانی بەدیارخسـتووە، کـە لەپەرتوکەکەی برۆکلمان بوونی نیە، بەڵام لەهەمان کاتدا بـرۆکلمان کۆمـەلێك لقـی زانسـتی ئیسـلامی باسـکردووە، لەپەرتوکەکـەی سەزگین بوونی نیە، لەوانە: ((زانستی دەرونی، مۆسیقا، زانسـتە سروشـتیەکان، فیزیـا، ئـەخلاق وسیاسـەت، زەخرەفـە، بیناسـازی)) (بروکلمان،م.س،ج3، ص ص 170-174). لەهەموشیان گرنگتر زانستی سیاسیە، ئەگـەر بـەراوردی نێـوان زانایـانی موسـڵمانی وەکـو ئیمام غەزالی ونیزام الملك وئەبوفەرەج ئەسفهانی بکردایە میکیاڤیلی ورۆسۆ ئەنجامی تری بەدەست دەهێنا، هەروەها بایەخی بـە زانستی ئابوریش نەداوە، تەنها کاریگـەری زانـا موسـڵمانەکانی بەسـەر گروپـی هیبـۆکرات دەرخسـتووە، لەکاتێکـدا ژیاروشارسـتانی ڕۆژئاوا گرنگیەکی زۆریان بەزانستی ئابوری داوە، چەندین زانای بەناوبانگی هەبووە، لەوانە : کارڵ مارکس و ئادەم سمیس وڤۆلتێر ومونتیسکۆورۆسۆ لە زانستی کۆمەڵناسی، چارلز داروین لە بیردۆزی پەرەسەندن، فرۆید لەزانستی دەروناسی، بستالۆزی لـەبواری پەروەردە.

لە لایەكی ترەوە سەزگین زۆر سەرنجی خستۆتە سەر شێوازی گواستنەوەی دەستنوسی زانا موسڵمانەكان بۆ ڕۆژئاوا، بەپێی ئەنجامی سەزگین زانایانی ڕۆژئاوا تەنها سوودیان لەدەستنوسی زانا موسڵمانەكان ودەستنوسی وەرگێڕدراوی یۆنانیەكان بۆ زمانی عەرەبی وەرگرتووە، بەڵام سەزگین لێكۆڵینەوەی لەدەستنوسی ڕەسەنی یۆنانیەكان بەزمانی لاتینی بەشێوەیەكی ورد بەراورد نەكردووە، چونكە زانستی نیە زانایانی ڕۆژئاوا تەنها سوودیان لە لایەنی زانستی یەك شارستانی وەرگرتبێت، بەڵكو سودیان لەزۆر شارستانی تر وەرگرتووە، لەوانە: ژیاروشارستانیەتی میسری كۆن وبابلی ورۆمانی وهێلینیستیش وەرگرتووە، خاوەنی چەندین لقی زانستی نوێین كە لەشارستانی ئیسلامی نەبووە، لەوانە: جیۆلۆجی، تەكنەلۆجیا، بایلۆژی، دەروناسی، كۆمەڵناسی، گەردوناسی، ئەمە سەرباری داهێنانێكی زۆر لەزۆربەی لقە زانستیەكان.

**9- ئەنجام**

سەزگین لە ئەنجامی بەكارهێنانی ئەم میتۆدە گەیشتە چەند ڕاستیەكی شارەوە لە مێژووی زانستدا، لەوانە:

1-تا مێژوونووس نەبێتە چیرۆك نووس دەبێت خاوەن میتۆدی زانستی بێت لەوانە میتۆدی بەراوردكاری بۆ مێژوونووس زۆر گرنگە لەبەرئەوەی زۆر ڕاستی زانستی بەدیاردەخات، بەپشت بەستن بە بەڵگەو دەستنووسی ڕەسەن وبەراوردكردیان بەیەكتری گومانەكان لادەبات، زۆر ڕاستی شاراوەی مێژوو بەدیاردەخات .

2- سەزگین لە ڕێگای میتۆدی بەراودكاری دەریخست كەزۆربەی دەستنووسی زانا موسڵمانەكان لەكاتی وەرگێڕدراون بۆ زمانی لاتینی، بەناوی زانا ئەوروپیەكان بڵاوكرایەوە ، لەهەموو لقە زانستیەكان، چەند ڕاستیەكی گرنگی مێژووی بۆیەكەمجار بەدیارخست، لەدوای بەراوردكردنی دووسەد نەخشەی جیهان ئەو ڕاستیەی سەلماند كەموسڵمانەكان كیشوەری ئەمەریكایان دۆزیەوە پێش كۆڵۆمبۆس. پیری ڕەئیس بە ڕێگای دەریایی گەیشتە ئەمریكای باشوور بەتایبەتی بەڕازیل.

3-لە ئەنجامی بەراوردكردنی دەستووسی یۆنانیەكان بە وەرگێڕانی لاتینی وعەرەبی، سەزگین ئەو ڕاستیەی بەدیارخست دەستنووسی ڕاستەقینەی یۆنانیەكان ئەو دەستنووسانەن كەلەلایەن زانا موسڵمانەكان وەرگێڕدراون، دەستنووسە یۆنانیەكان لەلایەن ڕۆژئاوا سەختەكراوە.

4-سەزگین لەئەنجامی بەراوردكردنی شارستانیەكان گەیشتە ئەو ڕاستیەی كەشارستانیەتی ئیسلامی سەرچاوەی زانیاری لە شارستانیەتەكانی تر وەرگرت، زانا موسڵمانەكان ناوی ئەو زانایانەیان هێناوە كەسەرچاوەیان لێوەرگرتووە، بەڵام زانایانی ڕۆژئاوا سەرچاوەی زانیاریان شاردۆتەوە، بەڵام پەرتوكی(تأريخ التراث العربی) دەریخست كە ڕۆژئاوا لەژێر كاریگەری شارستانیەتی ئیسلامی دابووە، چەمكی ڕێنسانس بەرهەمی زانا موسڵمانەكانە، ڕۆژئاوا تاوەكو سەدەی هەژدەهەم داهێنانیان نەبووە .

5-سەزگین بەمیتۆدی بەراوردكاری توانی بیسەلمێنێت، دەستنووسی زانا موسڵمانەكان لەلایەن ڕۆژئاوایەكان بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتناسانی سەدەكانی ناوەڕاست، بەناوی زانایەكانی ڕۆژئاوا بڵاوكراوەتەوە. لەكۆی چل هەزار پەرتوك ودەستنووسی لاتینی كەبەناوی زانایانی ڕۆژئاوا بڵاوكراوەتەوە، سەزگین دەریخست كە سی هەزارو پێنج سەد دەستنووس بەرهەمی زانا موسڵمانەكانە، ساختاكراون لەلایەن ڕۆژئاوا .

6- شارەزابوونی مێژوونووس سەزگین لە شارستانیەتەكان بنەمایەكی گرنگە بۆ بەراوردكاریەكی دروست، سەزگینیش بە شارەزایەكەی گەیشتە ئەو ئەنجامە گرنگە مێژوویە، كە چالاكی وەرگێڕان نازانستیانە وبەبێ دەنگی لەلایەن ڕۆژئاوا ئەنجامدراوە، دەستنووسە ئەدەبیەكانی ئیسلامیان وەرنەگێڕاوە، تەنها پەرتوكی زانستی زانا موسڵمانەكانیان وەرگێڕاوە، لە زانستەكانی(فەلەك، پزیشكی، دەریاوانی، بیركاری، كیمیا، فیزیا، جوگرافیا، بیناسازی، تەكنەلۆجیا، كەشناسی، كشتوكاڵ، ئاژەڵناسی).

7- سەزگین لەئەنجامی بەراوردكردنی لقە زانستیەكانی سێ شارستانیەتی گەورە(یۆنانی-ئیسلامی-ڕۆژئاوا)، گەیشتە ئەو ئەنجامەی زانا موسڵمانەكان خاوەن بیست وهەشت لقی زانستین، كەتەنها پێنج لقی زانستی لەشارستانیەتی یۆنانی بوونی هەبووە، شارستانیەتی ڕۆژئاواش تاكو سەدەی هەژدەیەم هیچ لەو لقە زانستیەیان نەبووە، لەسەدەی هەژدەو لەڕێگای وەرگێڕانی دەستنووسی زانا موسڵمانەكان بەو لقە زانستیانەیان زانیووە، بەهەموو ڕێبازێك ونازانستیانە هەوڵی شاردنەوەیان داوە، بەشێك لەو لقە زانستیانەش هەتاكو سەدەی بیستەم بەمەبەست بەدیارنەخران، بەڵام سەزگین بەشێك لەو لقە زانستیانەی لەپەرتوكی تأريخ التراث العربی بەدیارخست.

## 10-پەراوێز

(1)-ئەم ڕێبازە شێوازێکە لەمیتۆد کە بەکاردێت لە لێکۆڵینەوەی زانستی بە ئامانجی بەراوردکردن لەنێوان ئەو دیاردانەی کە پەیوەستن بەلێکۆڵینەوەی زانستی ، بەمەبەستی زانینی خاڵی لێکچون وجیاوازیان وە دەرفەتێکیشە بۆ لێکۆڵەر بۆ زانینی هەموو شتێکی شاراوەو پەیوەندار بەو دیاردانە وشیکردنەوەیان، یاخودهەڵسەنگاندن لە نێوان شتەکاندا، واتا بەراوردکرن وهاوتاکردن لە نێوان ڕووداو بیروبۆچونەکاندا، بەمەبەستی دۆزینەوەی جیاوازی و لەیەکچون یان پەیوەندی نێوانیان، ئەم پرۆسەیە لە زانستە مرۆیەکاندا وەك تێڕامان وتاقیکردنەوەی زانستە سروشتیەکان وایە(علبی،2017،ص37).

(2) - پەرتوکی(تأريخ التراث العربى) بریتیە لە مێژووی زانستەکان بەگشتی، مێژووی زانستە ئیسلامیەکان بەتایبەتی، لە ساڵی(1967ز) یەکەم بەرگی بەزمانی ئەڵمانی دەرچوو لەلایەن چاپخانەی (بیرێل)، کە پێکهاتووە لە(8820) لاپەڕە(Hansu,2019,p:195**)**. سەزگین بەزمانی ئەڵمانی ئەو پەرتوکەی نووسیووە، بۆئەوەی تێڕوانینی ڕۆژئاوا بەرامبەر بە شارستانیەتی ئیسلامی بگۆڕێت. گرنگی پەرتوکی (تأريخ التراث العربى) هەر زوو لە جیهان بەدیارکەوت، لە ساڵی (1971ز) یەکەم بەرگی پەرتوکەکە وەرگێڕدرا بۆ سەر زمانی عەرەبی لەلایەن محمود فهمی حجازی(م:2019ز) فهمی أبو الفضل بەسەرپەرشتی زانکۆی (ال سعود) لەسعودیە(Donmez,2019,p:8; Gecit,2019,p:45**)**، لەساڵی(1978ز)بەرگی دووەم تاکو بەرگی نۆیەم بە فهرێستەوە وەرگێردراوە بۆ زمانی عەرەبی، لەلایەن محمود فهمی حيجازى، عرفه مستەفا، سعيد عبدالرحيم ، عبدالفتاح الحلو مازن، عبدالله حيجازى( Donmez,2019,p:8**)** لە ساڵی(1979ز) دوای دەرچوونی بەرگی شەشەم، یەکەمین خەڵاتی شافەیصەڵی لەو ساڵە بەدەستهێنا ، لە ئێرانیش لەساڵی (1987ز) بەرگی یەکەم وەرگێڕدراوە بۆ زمانی فارسی بەناونیشانی(تأريخ نگارشهای عەرەبی) لەلایەن جەنگیز پەهلەوان، بەرگی دووەم تاکو پێنجەم لەلایەن (زیرنظر احمد رحيمى ) بەناونیشانی (مؤسسه نشر فهرستگان ) لەزمانی ئەڵمانی وەرگێردراوە بۆ زمانی فارسی، شایەنی باسە پەرتوکی (تأريخ التراث العربى) خەڵاتی کتێبی ئێرانی لە ساڵی (2004) لەوڵاتی ئێران بەدەستهێنا(پهلوان،1366،ص ص 16-22)، لە ساڵی(2008ز)بەسەرپەرشتی (دامەزراوەی ئەکادیمیای تورکیا) هەشت بەرگیان وەگێڕا بۆ زمانی تورکی، بەناونیشانی(Arab-Islam BILIMLERi Tarihi) (Turan,2015,p:35**)**، بەرگی دەیەم ویازدەیەم ودوازدەیەمیش لە ساڵی(2010ز)بۆسەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدراوە لەلایەن ڕێناتی سارما Renate Sarma**)**( Sezgin,2010,p:3 )**.**

(3)-أبن أبى أصيبعة(596-668ك/1200-1270ز): ئەحمەد کوڕی قاسم کوڕی یوسف خەزرەجی ئەبوعباس ئیبن ئەبی ئەسبیعە، مێژوونوسێکی پزیشکیە، بەناوبانگترین پەرتوکی(عيون الآنباء في طبقات الآطباء) دوو بەرگە، لەساڵی (634ك) سەردانی میسرِ دەکات بۆماوەی دووساڵ دەبێتە پزیشك، لە ساڵی(668ك/1270ز) لەشاری سەرخەد لە خاکی حوران لەسوریا مردووە(الزركلى،2002،ج1،ص197).

(4)-پاوڵ کراوس: ڕۆژهەڵاتناسێکی چیکیە، لەساڵی(1904ز) لەشاری (براغ) ی پایتەختی چیکۆسلۆفاکیا لەدایك بووە، لەساڵی(1922ز) لەگەڵ خانەوادەکەی دەچێتە فەڵەستین، (خوێندنی ڕۆژهەڵاتناسی) لەوێ تەواودەکات، لەساڵی(1928ز) لەزانکۆی بەرلین دکتۆرای تەواکرد، لەساڵی(1933ز) دکتۆرای دووەمی تەواوکرد لەسەر کارەکانی پزیشك ڕازی، بەناوبانگترین پەرتوکی بەناوی(مختار الرسائل جابر بن حيان) لەساڵی(1935ز) بڵاوبووە، لەساڵی(1944ز) لەمیسرِ کوژرا(بدوى،1992، ص ص 465-467).

(5)- پەرتوکی ( قانون) ی ئیبن سینا لەسەدەی دوازدەهەم لەلایەن جۆهانس هێسپانسیس*Johannes Hispainsis* وەرگێردراوە بۆ زمانی لاتینی، تاکو ساڵی (1928ز) بەناوی ئەرستۆ بڵاوکرابووە.(Sezgin,2008,c:1,p:31).

(6)-ئەبوعەبدولله بەتانی(337ك/929ز): لەساڵی(240ك/854ز) لەشاری(بتان) لەهەرێمی حەڕان لەدایکبووە، کەدەکەوێتە نێوان ڕەقەوڕەها، فەلەکناس وزانای بیرکاریە، چەند داهێنانێکی گرنگی هەبووە، بەتایبەتی دروستکردنی ڕەسەدی فەلەکی لەشاری ڕەقەوخاوەنی چەندین تیۆری نوێیە لە (زانستی سێگۆشە وجەبر وئەندازە)، بەناوبانگترین پەرتوکی بەناوی(الزيج)، جۆرج سارتۆن بە بەناوبانگترین زانای فەلەکی ناویهێناوە، لەساڵی(337ك/929ز) لە عێراق مردووە(الزركلى،2002،ج6،ص61).

(7)- گالین پەرتوکێکی هەبوو لە سەر (پزیشکی چاو) ، بەڵام لە ساڵی (1928ز) دەرکەوت کە لە ڕاستیدا پەرتوکی زانای موسڵمان (حەنینی کوڕی ئیسحاق)ە، ئەم ساختاکاریەش لەلایەن توێژەرێکی بەڕەچەلەك جولەکە بەناوی(یۆلیۆس هیرشبێرگ) بەدیارخرا, سەزگینیش بەدواداچونی بۆکرد*(Turan,2015,p:103)***.**

(8)- سەزگین یەکەمین مێژوونووسی زانستیە، مێژووی زانستی کەشناسی نووسیووە لەبەرگی حەوتەمی پەرتوکی (تأريخ التراث العربى)، لەگەڵ دووبارە لەبەرگرتنەوەی پێنج ئامێری تایبەت بەکەشناسی داهێنانی زانا موسڵمانەکان، لەهەردوو مۆزەخانەکەی نمایشی کردوون(Sezgin,1981,c:7,p:122,sezgin,2008,c:1,p:33*)*.

(9)-سەردانێکمان بۆ مۆزەخانەی (زانست وتەکنەلۆجیای ئیسلامی) لە پارکی گوڵخانە لەشاری ئەستەنبۆڵ، لەبەرواری(2022/5/18ز)

## 11-سەرچاوەکان

### 1-سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی.


1-أحمد بن القاسم بن خليفة بن يونس الخزرجي موفق الدين، أبو العباس ابن أبي أصيبعة (المتوفى: 668هـ)،د.ت, **عيون الأنباء في طبقات الأطباء**, المحقق: الدكتور نزار رضا,ن: دار مكتبة الحياة – بيروت.

2- بروكلمان, كارل ، **تأريخ الادب العربى**،ج1,ت:عبدالحليم النجار،ن:دار المعارف،ط: الخامسة،(مصر:بدون سنة).

3-بروكلمان, كارل، **تأريخ الادب العربى**،ج4,ت:عبدالحليم النجار،ن:دار المعارف،ط: الخامسة،(مصر:بدون سنة).

4-بدوي، عبدالرحمن,1992, **موسوعة المستشرقين**,ط:الثالث، ن: دارالعلم الملاين, بيروت.

5- الجزرى , ئيبن رزاز –د.ت، **الجامع بين العلم والعمل النافع فى الصناعة الحيل**، مخطوط فى المكتبة(فؤاد سزكين فى أورسلا سزكين)، استانبۆل.

6-خلف، نجم عبدالرحمن, (1422), **الاستدراكات علي التاريخ التراث العربي قسم الحديث**,ط:الآولي، ن:دارأبن الجوزي,(الرياض),ج4.

7-الزركلى، خيرالدين بن محمود بن محمد بن على الدمشقى(ت:1396ك)،2002، **الآعلام**, ط: الخامسة,ن:دار العلم للملايين, بيروت-لبنان.

8-الزهراوى, أبوالقاسم, د.ت, **التعريف لمن عجز التأليف**, مخطوط فى المكتبة(فؤاد سزكين فى أورسلا سزكين)، استانبۆل.

9-سعيد،أدوارد، (2006 )، **الاستشراق**،ت: محمد عنانى،ط: الاولى،ن: داربنجوين العالمية.

10–سزكين, فؤاد،(2006), **اكتشاف المسلمين للقارة الامريكية قبل كريستوفر كولمبوس**, ت: فريد بن فغول.

11-سزكين, فـؤاد،( 2010 ), **عـرض مـوجز لمتحـف اسـتانبول لتـاريخ العلـوم والتكنولوجيـا في الاسـلام**، ن: معهـد التـاريخ العلـوم العربيـة الاسلامية، فرانكفورت.

12-سزگين،فؤاد، (1983)، **تاريخ التراث العربى,** المجلد: 1,ن:مكتبة اية الله النجفي-قم-ايران.

13-سزگين،فؤاد، (2002)، **تاريخ التراث العربى,** المجلد: 3,ن:مكتبة اية الله النجفي-قم-ايران.

14-سزگين،فؤاد، (1983)، **تاريخ التراث العربى,** المجلد: 4,ن:مكتبة اية الله النجفي-قم-ايران.

15-سزگين،فؤاد، (2002)، **تاريخ التراث العربى,** المجلد: 5,ن:مكتبة اية الله النجفي-قم-ايران.

16-سزگين،فؤاد، (2002)، **تاريخ التراث العربى,** المجلد: 6,ن:مكتبة اية الله النجفي-قم-ايران.

17-سزگين،فؤاد، (1986)، **تاريخ التراث العربى,** المجلد: 8,ن:مكتبة اية الله النجفي-قم-ايران.

18-سزگين،فؤاد، (1984)، **محاضرات فى التاريخ العلوم العربية الاسلامية**، ن: معهد التاريخ العلوم العربية الاسلامية، فرانكفورت.

19-علبي, عاطف, **المنهج المقارن مع الدراسة الطبيقية**,ط:الاولي, ن:مجد المؤسسة الجامعية الدراسات والنشر,(بيروت:2006).

20-النعيمي ,حسين بن قاسم, النعيمي,حمزة بن قاسم ,( 1422ه), **الاستدراكات علي التاريخ التراث العربي قسم الشعر والفقه اللغة**,ط:الآولي, ن:دارأبن الجوزي),ج7، ص ص 44-77.

21-ابن النديم ,أبو الفرج محمد بن إسحاق بن محمد الوراق البغدادي المعتزلي الشيعي المعروف (المتوفى: 438هـ), 1997 م **,الفهرست**, المحقق: إبراهيم رمضان, الطبعة: الثانية ن: دار المعرفة بيروت – لبنان

22-ياسين,حكمت بشير, **الاستدراكات علي التاريخ التراث العربي قسم التفسير وعلوم القرأن**,ط:الآولي, ن:دارأبن الجوزي,(الرياض:1422ه),ج2,

23-يلماز، عرفان، (2015)، **مكتشف الكنز المفقود فؤاد سزكين وجولة وثائقية في اختراعات المسلمين**, ن: دار النيل-مصر.

**ب-المجلة:**

1-العمري, أكرم الضياء, (1973), **ملاحظات و الاستدراكات علي التاريخ التراث العربي لفؤاد سزكين**,مجلة دار المنظومة , مج2, (العراق

**2-سەرچاوەکان بەزمانی تورکی:**

1-BAYHAN,Nevzat,(2013),**bilimlerTarihindezirveIslamprof.DR.FUAT SEZGIN**,ISTANBUL,B:Aktif maktaba

2-KORKMAZ, TAYFUR,(2009**), İSLAM BİLİM TARİHİ ÇALIŞMALARI GEORGE SARTON VE FUAT SEZGİN ÖRNEĞİ**, MARMARA ÜNİVERSİTESİ SOSYAL BİLİMLER ENSTİTÜSÜ, İstanbul.

3-SEZGİN, FUAT,( 2008), **İSLAM'DA BİLİM VE TEKNİK**, C: 1, ISTANBUL.

4- SEZGİN, FUAT(,2008*),* **İSLAM'DA BİLİM VE TEKNİK**, C:3, ISTANBUL.

5-SEZGİN, Fuat,( 2008**), İSLAM'DA BİLİM VE TEKNİK**, c:5, istanbul.

6-SEZGİN, Fuat,(2004), **İslâm Medeniyetinin Duraklama Sebepleri**" Konferansı, İslâm AraştırmalarıMerkezi Konferans

7-SEZGİN, FUAT,(2016), **AMERİKA'NIN KEŞFİNDE MÜSLÜMANLAR** *, SÖYLEŞİ VE KONFERANS*, SULYMAN DEMERAL YUNIVISITY.

8-SEZGİN, FUAT,( 2015), **MÜSLÜMANLARIN cografiya tarihinde bu gun kader bilinmiyen inanlmaz buyuk katkisi***,* kaysari.

9-SEZGİN, FUAT,( 2012)**, Islam Uygarliginda Astronomi Cografya ve denizlik**. 10-SEZGİN, FUAT,2004, islam kultur dunyasinin bilimler tarihindeki yeri, turkiye bilimler akademesi.

10-SEZGİN, FUAT, ( 2016), **prof. dr. fuat Sezgin in acilis dersi**, istanbul univrersitesi.

11-SEZGİN, FUAT,( 2014), **7ANINMAYANBüYüK ÇAG**,I,STANBUL.

12-Turan,Sefer,(2015),**BILIMTarihi Sohbetleri**,istanbul.

13-Turan, Sefer,(2010), **BILIMLERTARHCISIFUATSEZGIn**, ISTANBUL.

14-Turan,Sefer,(2018),**BILIMlerTarihi Sohbetleri**,istanbul.

Hadjı Khalifa, **Katıp çelebi inin Esas Kitab i cihannumasi cografia Tarihindeki yeri**,( İstanbul: 2013).

15-YILMAZ.IRFAN,(2009),**YITIKHAZINENI'NKAŞfıIFuatSEZGIN,**ISTANBUL,B:BULGULARLU Mahallesi Bagcilar.

**3-پەرتوك بەزمانی ئەڵمانی.**

1-sezgin,fuat,(1967),**Geschite Der Arabi Schirifttums**,c:1,Ledene,Brill.

2-sezgin,fuat,(1970),**Geschite Der Arabi Schirifttums**,c:3, Ledene,Brill.

3-sezgin,fuat,(1971)**,Geschite Der Arabi Schirifttums**,c:4, Ledene,Brill.

4-sezgin,fuat,(1973),**Geschite Der Arabi Schirifttums**,c:5, Ledene,Brill

5-sezgin,fuat,(1978),**Geschite Der Arabi Schirifttums**,c:6, Ledene,Brill

6-sezgin,fuat,(1982),**Geschite Der Arabi Schirifttums**,c:8, Ledene,Brill.

7-sezgin,fuat,2000,**Geschite Der Arabi Schirifttums**,c:10,frankfurt.

8-sezgin,fuat,(2000),**Geschite Der Arabi Schirifttums**,c:11,frankfurt.

9-sezgin,fuat,(2000),**Geschite Der Arabi Schirifttums**,c:12,frankfurt.

10-sezgin,fuat,(2007),**Geschite Der Arabi Schirifttums**,c:13,frankfurt.

11-sezgin,fuat,(2013),**Geschite Der Arabi Schirifttums**,c:14,frankfurt.

12-sezgin,fuat,(2015),**Geschite Der Arabi Schirifttums**,c:15,frankfurt.

**4-وتاری ئەکادیمی بەزمانی تورکی.**

1-DÖNMEZ, Süleyman, (2019), **İslam Medeniyet Tarihi Esasında Fuat Sezgin Hakkında Bir Değerlendirme**, Cilt/Volume:2 Sayı/Number:1, ANTAKİYAT/Hatay Mustafa Kemal Üniversitesi İlahiyat Fakültesi Dergisi.

2-GECİT, Mehmet Seyid, (2019), **FUAT SEZGİN'İN BİLİMLER TARİHİ İSİMLİ ESERİNDE KUR'ÂN VE TEFSİR**, Uluslararası Ahmed-i HânîSempozyumu, EKİM 2019 AĞRI.

3-HANSU, HÜSEYİN,( 2019), **Mehmet Fuat Sezgin'in Aile Çevresi ve Türkiye'deki Akademik Serüveni**, Ankara Üniversitesi İlahiyat Fakültesi Dergisi 60:1 (2019), 185-205.

**5-سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی.**

**1-**Sezgin,(2010),**SCIENCE AND TECHNOLOGY IN ISLAM**,T:Renate sarma,frankfurt**.**

**6-سەرچاوەکان بەزمانی فارسی.**

1-سەزگین.فواد،(1366)،تاریخ نیگارش ،**تاریخ نگارش های عربی** ,ت: چنگیز پهلوان,: کتابخانهها و مجموعه های نسخههایخطی عربی در جهان، همراه با کتاب‌شناسی علوم قرآنی، حدیث، تاریخ ، تاریخ و ادبیات، فقه، کلام و تصوف(جلد1), تهران: انتشارات معارف،وزیری.

**المنهج المقارن للمؤرخ فؤاد سازكين في كتابه (تاريخ التراث العربي)**

**مەبەست برهان قادر**
جامعة صلاح الدين/أربيل-كلية الآداب- قسم التاريخ
mabast.00613429@gmail.com

**طارق محمد أورحيم**
جامعة صلاح الدين/أربيل-كلية الآداب- قسم التاريخ
Tareq.awrahim@su.edu.krd

**ملخص**

يملك المؤرخ محمد فؤاد سازكين (1924-2018) العديد من الاعمال العلمية في مجال كتابة تاريخ العلوم الإسلامية, وله منهج علمي خاص في كتابة (تاريخ التراث العربي) فكان من مشاريعه العلمية.في هذا المشروع المكون من ثمانية عشر مجلدًا, إذ استخدم عدة أساليب كالوصفية والتحليلية والمقارنة لإظهار الحقائق التاريخية والتعرف على المصادر العلمية ، وبهذه الأساليب استطاع إظهار مكانة العلماء المسلمين في تاريخ العلوم. ومقارنتهم بغيرهم من الحضارات الأخرى ، وكذلك قارن أفكار واختراعات العلماء المسلمين بغيرها من الحضارت الاخرى ، وبهذه الأساليب كشف الكثير من الحقائق التاريخية المخفية في تاريخ العلوم. وخلال هذا البحث سيتم عرض اسلوب المقارنة فقط ونتائجها، ومن أبرز نلك النتائج كشف عدم الامانة في ترجمة العلوم من قبل الغربيين وظهور التزوير والغش في أعمالهم المترجمة.

**الكلمات المفتاحية:** فؤاد سزكين، المنهج المقارنة ، الحضارة ، منهج البحث التاريخى، الخريطة.

**Comparative Method of Historian Fuad Sazgin in his book (GAS)**

**Mabast Burhan Qadir**
Department of History, College of Arts, Salaheddin University-Erbil
mabast.00613429@gmail.com

**Tareq Mohammed Awrahim**
Department of History, College of Arts, Salaheddin University-Erbil
tareq.awrahim@su.edu.krd

**Abstract**

The historian Mohammed Fuad Sazgin (1924-2018) has many scientific masterpieces in the field of writing the history of Islamic culture. He has a special scientific method in writing (History of Arab culture) which was one of his scientific projects. In this eighteen-volume project of Sazgin, The historian researcher notes that the author used several methods including descriptive, analytical and comparative methods to show historical facts and identify scientific sources, and with these methods he was able to show the place of Muslim scientists in the history of science, Compare them with the rank of scientists of other civilizations, He could also compare the ideas, inventions and science of other civilizational scientists, With these methods revealed many hidden historical facts in the history of science. In this reseach, only the comparative method will be discussed and the results of this method will be presented. It will include comparing the manuscripts of Muslim scholars with those of Western scholars and exposing fraud in translation activities, using comparative methods to compare the ideas of scholars of Greek civilization, Islamic civilization and Western civilization, in most branches of science.
methods to compare the ideas of scholars of Greek civilization, Islamic civilization and Western civilization, in most branches of science.

**Keywords:** Sazgin, Comparative Method, Civilization, Historical Writing Method, Map.